مانشێتی ژمارە

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ژمارە ( 5 ) 1/6/2017
مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



# پیرۆزبێت ڕۆژی جیهانی منالان!

# پێویستە ئامادەکاری بکرێت بۆ گێرانەوەی داهاتی دزراوی خەڵکی کوردستان!

## وتەی ژمارە

دزی و تالانی ئاشکرای داهاتی خەڵکی کوردستان، لەلایەن دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردو بەرپرسە حزبی و حکومیەکان و بنەماڵە سیاسیە دەستڕۆشتووەکان، ئاشکرایە. دزی بە شێوەی یاسایی!! و نایاسایی، بە ئاشکراو بەنهێنی، بەشوێنێک گەیشتووە کە تەنانەت بەشێک لە بەرپرسانی حزبەکان لەململانێیاندا لەگەڵ یەکتری رایدەگەیەنن. یان ناچارن دانی پیابنێن و ناتوانن ئەو دزییە بەربڵاو و سیستماتیکە پەردەپۆش بکەن. فرۆشتنی نەوت بە دزی و بەئاشکرا، بە بۆری و بە تانکەر، بە فەرمی و بە شێوەی نافەرمی، تا دەگاتە تەخشان و پەخشانکردنی زەوی و تاپۆکردنیان، دەستبەسەرداگرتنی هەموو جۆرەکانی بازرگانی و هات و چۆ و پەیوەندیەکان و بەڵێندەرایەتیەکان و کۆمپانیاو کارگەکان...تاد، بەشوێنێک گەیشتووە کە ژیانی شاهانە و فیرعەونی بۆ ژمارەیەکی کەم و نەداری و برسیێتی و هەزاری ملیۆنی کردۆتە نسیبی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش. بە ئاشکرا دوو دنیای جیاواز و دوو شێوە ژیانی جیاواز لە کۆمەڵگەدا دەبینرێت. دنیایەکی بەهەشت ئاسا لە دنیای واقعی ئێستاو دۆزەخێکی واقعی بۆ زوربەی زۆری خەڵکی کوردستان.

راپۆرت و بەڵگەنامەو دیکیۆمێنتەکان، ژمارەو داتا راگەیەنراوەکانی سەروەتی بەرپرسانی حزبی و حکومی و بنەماڵە دەستڕۆشتوە حزبیەکان، ڕۆژانە بڵاودەکرێنەوە یان دزییەکەیان دزە دەکاتە دەرەوەو میدیاکان چ لەسەر ئاستی ناوخۆ و چ لەسەر ئاستی دنیا ناچارن کە رایبگەیەنن و بڵاوی بکەنەوە. بێگومان بڵاوکردنەوەی ئەو بەڵگەو داتاو ئامارانە گرنگن و پێویستە هەموویان بە دیکۆمێنت بکرێن و بەردەوامیش بەدواداچوون بکرێت بۆ ئاشکراکردنی سەروەت و سامان و پارەی کەڵەکراو نێو بانقەکانی بەرپرسان چ لە ناوخۆی کوردستان و چ لە دەرەوەی وڵات، بەڵام ئەمە تەنها هەنگاوێکە. هەنگاوی لەوە گرنگتر ئەوەیە کە پێویستە کاری چر وپر و لێبراونە بکرێت لەسەر ئاستی جەماوەری و فەرمی و یاسایی، بۆ بەدادگا کێشانی ئەو بەرپرسە دزو تالانچیانە و گێرانەوەی ئەو کێوە لە داهات و سامان بۆ خەڵکی کرێکارو زەحمەتیکێش و هەزارکراو برسیکراوی خەڵکی کوردستان. هیچ جۆرە خۆشباوەریەک نابێت هەبێت سەبارەت بەدەستەی نەزاهە یان هەوڵی فریوکارانەی دەسەڵات لە ژێر نایی چاکسازی و دادگاییکردنی دزان و گەندەڵکاران. دز و تالانچیان کەخۆیان بەخۆشی خۆیان مل بەگێرانەوەی داهات و سامان و سەروەتی نەقدی و غەیرە نەقدی خۆیان نادەن و ئامادەنین ئاشکراشی بکەن، تەنانەت بەرووی هەر هەوڵ و تەقەلایەکیشدا دەوەستنەوە بۆ پاریزگاریکردن لەو دزی و تالانییە یاسایی و نایاسایەکانیان. بۆیە ئەوە ئەرکی رابەران و هەڵسوراوانی جەماوەری و ئازادیخوازو تۆرێکی بەرین لە یاساناسان و دادوەرو لێکۆڵەرەوە ویژدان زیندوەکان و رۆژنامەنووسانی ئازادو نەترس و جلەونەکراوە، چ لەسەر ئاستی ناوخۆ و چ لەسەر ئاستی وڵاتانی دنیادا، بەنەخشەوە دەست بۆ هەڵدانەوەی فایلی دزان و ئاشکراکردن و بە دادگاکێشانیان ببرێت و پارەکانیان بلۆک بکرێت و پاشان بەشێوەیەکی ئاشکراو دادوەرانە بۆ خەزێنە هاولاتیان و سەرچاوەکانی داهات بگێردرێتەوە. وە زەوی و کۆمپانیا و باخچەو کێڵگە نەوتییە دەستبەسەرداگیراوەکان و ریزە دوکان و خانوو شوقە و مۆڵ و عەمبارەکان و ریزی کەژاوەی ئۆتۆمبیل و ...تاد، پێویستە دەستی بەسەردا بگیرێت و لەژێر چاودێری لیژنەی هەڵبژێردراو نوێنەرانی جێمتمانەی جەماوەریدا بۆ هاولاتیان بگێردرێتەوە و خاوەنانی ئەو دزی و تالانییە ئاشکرایەش رادەستی یاسای عادلانەو سزای یاسایی بکرێن.

داهاتی کۆمەڵگەی کوردستان، داهاتێکی ئێکجار زۆرو زەوەندە، سامانی ژێر زەوی و سەر زەوی کۆمەڵگە بە زیادەوە بەشی چەند قاتی ئیستای دانیشتوانی کوردستان دەکات، کە ژیانی تەسەل و خۆشگوزەرانیان هەبێت و خەڵکی موحتاجی هیچ پیداویستیەکی ژیان و گوزەرانی شایستە نەبێت. ئەوەی کەوای کردوە ئۆردوی هەزاران و برسی و بێکارەکانی کوردستان رۆژ بەرۆژ زیاد بکات و ژمارەیەکی کەم لە بەرپرسانی حزبی و حکومی سەرمایەدارەکان سامانەکانیان هەڵبکشێت و ببنە خاوەنی ملیاردها و ملیۆنان دۆلارو کیوێێک لەسامان و سەروەت، ئەو دزی و تالانییە کە لەرێگای دەست بەسەرداگرتنی دەسەلاتەوە، لەدەستی خۆیاندا مۆڵیان کردوە. هەنگاوی یەکەم بۆ لەدەسەلات خستنی ئەم دەسەلاتە دەست بەسەرداگرتنی سامان و سەروەتەکانیان و گێرانەوەیەتی بۆ جەماوەری ملیۆنی کریکار و بەرهەم هێنی خودی خەڵکی کوردستان. بۆ ئەم نەبەردە دەبێ ئامادەبین و دەست پێبکەین.

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانە دەخوێننەوە:


* مانگی رەمەزان مانگی بیکاریی و پێشێلکاری ئازادییەکانە......ل٢
* گۆران دوای نەوشیروان...............................ل٤
* توندوتیژی جنسی،مەترسیدارترین ئازاری جنسی..............ل٥
* دیمانە لەگەڵ سەرنووسەی بۆپێشەوە..........................ل٥
* بێخانەو لانەیی قەیرانی گەورەی خەڵکی بێکار و...............ل٦
* نەوت بەمانای ژەهرو نەهامەتیەکان یاخود......................ل٦


## دەستفرۆشەکانی هەولێر دەکەونە بە هێرشی دڵرەقانەی دەزگا سەرکوتکەرەکانی پارتی.. ل٢

## بەهۆی نائەمنی شوێنی کارەوە، کرێکارێکی تر گیانی لەدەستدا

یەک شەممە بەرواری ٢٨ ئایار، کرێکارێک بەناوی محمەد حسێن عەلی، لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٧ لە کەواچەرمووی سەر بە ناحیەی رزگاریە، لەکاتی کۆنکرێتکردنی سەقفێکدا و بەهۆی روخانی سەقفێکەوە بەسەریدا گیانی لەدەستداو کرێکارێکی تریش بریندار بوو. ئەوە چوارەمین کرێکارە کە بەهۆی نائەمنی شوێنی کارەوە لەم مانگەدا گیانی لەدەستداوە. قوربانیانی شوینی کار ساڵانە بەسەردان ئینسانن، ئەو ئینسانانە جگە لە فرۆشتنی هێزی کاریان بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان هیچی تریان نییە، کەچی بەهۆی چاوچنۆکی سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیاو بەڵێندەرەکانەوە، رۆژانە هەواڵی مەرگی ئەو کرێکارانە دەبیستین و کە بەهۆی نائەمنی شوێنی کار و نەبوونی پیداویستیەکانی کارەوە، دەبنە قوربانی. دەسەڵاتی دزو گەندەڵی بۆرژوازی کورد، هیچ بەرپرسیاریەتیەک لەبەرامبەر بە هەلومەرجی کرێکاران و شوێنی کارو قوربانیانی ئەم کار، لە ئەستۆ ناگرێت. کرێکاران و بەتایبەتی رابەرانی کرێکاریی پێویستە هەرچی زووە دەست ببەن بۆ پیکهێنانی رێکخراوەی سەربەخۆی خۆیان بۆ بەرگری لە خۆیان و خواستە رەواو ئینسانیەکانیان. رێگای ناچارکردنی دەسەلات و سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیاکان، بۆ ئەوەی ناچار بکرێن لەو سامان و قازانجەی دەستیان دەکەوێت سەرفی باشکردنی شوێنی کارو بردنەسەری کرێی کاریان بکەن، رێکخراو بوون و رێکخراوبوون و رێکخراوبوونە.

## حەشدی شەعبی درندەن نەك پاڵەوان!



بەپێی راپۆرتێکی گۆڤاری "دیر سپیگل" ی ئەڵمانی کە رۆژنامەنوس عەلی ئەرکادی ئامادەی کردووە هێزەکای سوپای عێراق و بەتایبەتیش هێزەکانی حەشدی شەعبی دەست لەهیچ کردەوەیەکی دڕندانە ناپۆشن ... لەو راپۆرتەدا ئاماژە بۆ شکنجە و دەستدرێژی سیکسی دەکات بۆ سەر ژمارەیەک ئافرەت لە باشوری موسڵدا... عەلی ئەرکادی رۆژنامەنووس کە هاوکاری تیمێک بۆ دەرهێنانی فیلمێک دەکات، رێگەی پێدراوە لەگەڵ هێزێکدا بێت... ئەو دەڵێت چەند چەکدارێکی حەشدی شەعبی بەناوی" پاڵەوانانی رزگارکردن" کە دواتر ئەم دەستەواژە درۆزنانەیە دەگۆرێت و دەڵێت" دڕندەن نەک، پاڵەوان"... باسی شکنجەدانی وەحشیانەی ٧ پیاو و پاشان کوشتنیان دەکات بەدەست هێزەکانی حەشدی شەعبی... دواتریش ئەوە دەگێرێتەوە کە ژنی ئەو پیاوانەی لەلایەن ئەم هێزەی حەشدی شەعبیەوە کوژران، دەستدرێژی سێکسیان کراوەتە سەر... هەروەها باسی کوشتنی خەڵکی بێتاوان دەکات لەلایەن حەشدی وەحشیەوە... بۆ پشتراستکردنەوەی هەواڵەکەو درندایەتی نیشاندانی حەشد، چەند وێنەیەکیشی لەگەڵ راپۆرتەکەدا بڵاوکردۆتەوە کە دیمەنی شکنجەدان و کوشتنی ئەو پیاوانە نیشان دەدات. کاری ئەو هێزانە کە بەبانگەشەی رزگاری موسڵەوە دەست لەهیچ تاوانیک ناپارێزن، بەشوینێک گەیشتووە، کە وەزارەتی ناوخۆی عیراق ناچاربووە بەڵێنی لێکۆڵینەوە!! لەو کردەوانە بکات. لە چەند مانگی رابردووداو لە ژێر ناوی رزگاری موسڵدا، جەنگی وەدەرنانی داعش لە موسڵ دەستی پیکردووە، لەم ماوەیەدا جگە لە وێران بوون و داروخانی چەندین گەرەک و پرد و دامەزراوە، بەهەزاران ئینسانیش بەهۆی بۆردومانی کوێرانەی ئەمریکاو عەرب و دەوڵەتی عێراق و کردنی سەدان ئینسان وەکو درعی جەنگی لەلایەن داعشەوە، کوژروان و زیاتر لە نیو ملیۆن ئینسانیش ئاوارە بوون. داعش دەبێ بڕوات، بەڵام جەنگی وەدەرنانی داعش هیچ پاساوێک نادات بە جەیشی عێراق و هیزەکانی هاوپەیمانان بۆ کۆشتنی دیل و خەڵکی بێیتاوان. ئەو درندایەتیە بە تەواوی مەحکومە و دەبی وەکو تاوانی جەنگی تۆمەتبارانی دادگایی بکرێن.

## لەپێناو داکۆکیکردن لەخواستی سەربەخۆیی کوردستانی عێراقدا...



تایتڵی نوسینێکە کە مەنسوری حکمەت بۆ جیابوونەوەی کوردستان و پیکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ لە رێگای ریفراندۆمێکی ئازادانەی خەڵکی کوردستانەوە، لە ساڵی ١٩٩٥دا خستیە روو، پاشان حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بە بریارنامەیەک چۆنیەتی بەکردەوە دەرهێنان و سەرخەتی کارەکانی خستە روو...
لە ئێستادا کە پارتی پرسی ئەنجامدانی ریفراندۆمی هێناوەتەوە مەیدان، بەڵام نەک بۆ رێزگرتن لە ئیرادەو بریاری خەڵکی کوردستان، بەڵکو بۆ سات و سەودا لەگەڵ بەغداو وڵاتانی ناوچەکەدا، بە پێویستمان زانی دەقی نووسینەکەی مەنسور حکمەت لەسایتی "بۆپێشەوەدا"دابگرین.. لێرەدا سەرنجی خوینەران ڕادەکێشین بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە سەردانی سایتی بۆپێشەوە لەڕێگای ئەم ئەدرەسەوە بکەن!
http://www.bopeshawa.net/

## دیمانە لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد سەبارەت بە پرسی ریفراندۆم

لاپەڕە 8



# دەستفرۆشەکانی هەولێر دەکەونە بە هێرشی دڵرەقانەی دەزگا سەرکوتکەرەکانی پارتی..

ماوەی دوو هەفتەیە هێرشێکی بەرفراوان لەلایەن قایمقامیەتی هەولیر و بە هاوکاری هیزەکانی پۆلیس بۆ سەر دەستفرۆشانی شاری هەولێر دەستی پیکردووە، ژمارەیەکی زۆر لە دەستفرۆشانە دەستگیر کراون و دەست بەسەر عارەبانەکانیان" سەرچاوەی بژێوی ژیانیان" دا گیراوە. هاوکات وەکو کاردانەوە و نارەزایەتی دەربرین بەرامبەر بەم هێرشەی پۆلیس و قایمقایمیەتی هەولێر ژمارەیەک لە خاوەن عارەبانەکان، خۆیان گریان بەرداوەتە عارەبانەکانیان.
ئەم هیرشە بۆ سەر دەستفرۆشانی شاری هەولێر لەژێر ناوی پاراستنی سیماو جوانی شاری هەولێرە. هەولێر بەو سەرکوت و تۆقاندن و گرتن و تیرۆری ئاشکرا لەناوجەرگەی شاری هەولێر و دەمێکە سیمای شێوێنراوە، کەچی پۆلیس و دەزگا ئەمنیەکانی هەولێر لە ژێر ناوی پاراستنی سیمای جوانی هەولێردا، هێرش دەکەنە سەر ئەو ئینسانە بێبەش و هەژارانەی تاکە سەرچاوەی ژیانیان دەستفرۆشی و ئەو عارەبانانەیە. کەچی لێناگەرێن و بەزۆری زۆرداری رەوانەی بازاری بێ رەحمی بێکاریان دەکەن و پەیوەستیان دەکەن بە ئۆردوی هەژارانەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە ژمارەیەکی کەمی بەرپرسانی حزبی و حکومی و سەرمایەدارە چاو برسیەکانیان، رۆژ بەرۆژ سەرەوەت و سامانی کەڵەکەبوویان کەڵەکەتر دەکەن و بە ریزە دوکان و مۆڵ و کۆمپانیاکانیان، رۆژ بەرۆژ سیمای شاری هەولێر دەشێوێنن... کرێکاران و زەحمەتکێشانی دەستفرۆش دەبێ بە ریزی رێکخراوی خۆیان بەر بەوهێرشانە بگرن و داوای قەرەبووکردنەوە و شوێنی گونجاو بکەن بۆ کاری دەستفرۆشیەکەیان.

# مانگی رەمەزان مانگی بێکاری و پێشێلکردنی ئازادییەکانە!

نووسینی: رۆژ عەزیز



هەوڵ دەدەم لەم بابەتەمدا نەچمە سەر وڵاتانێکی ئیسلامی وەک ئێران ئەفغانستان سعودیە کە لە مانگی ڕەمەزاندا چ دەگوزەرێت، بەڵکو تەنها لەم بابەتەمدا کورتە باسێک دەکەم لەسەر ئازادی لە مانگی رەمەزاندا لە کوردستان و وە کەمێک باسی ژیان وگوزەرانی خەڵک و بێکاری لە ڕادەبەدەر دەکەم لە کوردستان بە تایبەتی لە مانگی رەمەزاندا. لەکوردستانی عێراقدا بەهۆی تاڵانکاری و بردنی سەروەت و سامانی کۆمەڵگە لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە، وە موچە نەدان بە خەڵک وەک نەبوونی یاساو دادگاو حکومەت و پەرلەمان، شیرازەی کۆمەڵگە هەڵوەشاوەتەوە، ئەوەی ماوە تەنها دوو دەسەڵاتی میلیشیاین کە بە زەبری چەک دوو ناوچەیان بۆ خۆیان قۆرغ کردوە. ئەمەش وای کردوە ئەوەندەی دیکە خەڵکی کوردستان لەوپەری ژیانێکی سەختدا بژین و ئینجا مانگی ڕەمەزانیشی هاتۆتە سەرو ئەوەندەی دیکە ژیانیان قورس بووە. بێکاری زیاتر بەرۆکی خەڵکی گرتووە و بەهەزاران کرێکار لە چایخانەو رێستۆرانتەکاندا بێ کار کراون و رەوانەی ماڵ کراونەوەتەوە، بێ ئەوەی خاوەن کار یان حکومەت قەرەبووی ئەو مانگەیان بۆ بکاتەوە.
لەلایەکی دیکەشەوە فەزای کۆمەڵگە بۆتە فەزای ئیسلامی و هەر کەس لەسەر شەقامەکان خواردن و خواردنەوەو جگەرە بکێشێت به ئاشکرا تانەی لێ دەدەن و ئەو شوێنانەشی کراونەتەوە و دەسەڵاتداران مۆڵەتی کارکردنیان پێداوە پەردەیان پێدا دراوە و دەسەڵاتیش بۆ مۆڵەت پێدانەکەیان باج لە خاوەن ریستۆرانتەکان و چایخانەکان وەردەگرێت، خواردنیش بەهۆی ئەم باجە زۆرەوە لەو شوێنانەی کراونەتەوە لە مانگی ڕەمەزاندا کەم کراوەتەوەو وە بەهۆی قەرەباڵغیشەوە بەپێی پێوست خواردنەکان تەندروست و پاک نین و لە زۆربەی شەقامەکانیش شیرینی و خواردنی بەربانگ دادەنرێت و تۆزو خۆڵ لێی دەدات و ئەمەش دەبێتە هۆی پیسی و ڤایرۆساوی و دوا جار نەخۆشیش بەرۆکی خەڵکەکە دەگرێت و چەند قاتیش نرخەکان بەرز دەبنەوە.
بێجگە لەوەی دەسەڵاتداران و ئیسلامی سیاسی لەم مانگەدا ژەهراوی کۆنەپەرستی و دواکەوتویی هەڵدەڕێژن و دەسەڵاتدارانیش لە رۆژنامەو کەناڵەکانی راگەیاندنەوە بانگەشە بۆ مەزهەب و کۆنەپەرستی ئیسلامی دەکەن و مەلاکان بانگێشت دەکەن لە تی ڤیەکانیانەوە ژەهراوی دواکەوتویی و هەڵرێژن و دەسەڵاتیش دەچێتە پاڵ ئیسلامی سیاسیەوە لەم مانگەدا، وە لەلایەکی دیکەشەوە هێزە ئیسلامیەکان لەم مانگەدا هێز لە دەوری خۆیان کۆ دەکەنەوە و مەلاکان زیاتر فتواو هەرەشەو سوکایەتی دەکەن و مزگەوتەکان جمەیان دێت و حوجرەکان و هەندێک ماڵ لە گەڕەکەکان دەبنە حوجرەو ئیسلامیەکان پۆل پۆل روو دەکەنە ماڵەکان بۆ قورئان خوێندن و منالانی خوار تەمەن ١٨ساڵ حیجابیان پێ لەبەر دەکەن و سەرپۆشیان لەسەر دەکەن. شتێکی دیکەش کە خەڵک زۆر بێزار دەکات ئەویش دەهۆڵ کوتانە بە شەو زۆربەی خەڵک کە هەڵناستن بۆ پارشێو ئەسڵەن بەڕۆژوش نابن به دەهۆڵ کوتین خەبەریان دەبێتەوە، ئەم دەهۆڵ کوتانە هەم خەڵک بێزار دەکەن کە بەشێک لە خەڵک ماندوەو کاری کردوەو دەیەوێت بەشەو ئیسراحەت بکات، بەڵام موسڵمانەکان بەخاتری دین و رۆژوگرتنەکەی خۆیان کۆمەڵگە هەراسان دەکەن و تەنانەت ئامادەنین لەوە تێبگەن کە کەسانێک هەن نەخۆشن و لەجێگادان، یان پیر و پەکەوتەن یان منالّن و پێویستیان بە خەو و پشووە.
ئەمە ئەو فەزا ئیسلامیە کە ساڵانە بەناوی رەمەزانەوە دوبارە دەبنەوەو ئیسلامی سیاسی قازانجی لێ دەکات و ئازادی دەخرێتە ژێر پرسیارەوە و بێکاری زیاتر بەرۆکی خەڵک دەگرێت، لەو لاشەوە ئیسلامی سیاسی و خەڵکانی مەزهەبی پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەن رەمەزان خێرو بەرەکەتی تێدایەو زەکات دەبەخشنەوە بەسەر خەڵکدا. پرسیارەکە ئەوەیە ئینسانەکان بەزەکات و سەرفترە تێر دەکرێن؟ باشە خەڵکی هەژار بە زەکات ئاسودە دەبن کە لە ١١مانگدا جارێک پێیان دەدرێت. حکومەتی مەزهەبی ئیسلامی سیاسی ناتوانن بە زەکات خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش تێر بکەن و هەژاری بنەبڕ بکەن، بەڵکو مەزهەب و ئیسلامی سیاسی ئینسانەکان بێ ئیرادە دەکەن و یەک مانگی رەبەق بەدیار دوعاو نوێژو رۆژووەوە لەچاوەروانیدا رایان دەگرن و دەسەڵاتی سەرمایەو خەڵکانی چاوچنۆک لەو مانگەدا خواردن جلوبەرگ دوو قات نرخەکانی بەرز دەکەنەوە، وە کە رەمەزانیش کۆتاییهات ئیتر جەژن دەبێتە بۆنەیەکی تری سەپێندراو. جەژن بۆ برا موسوڵمانە لەخواترسەکان بەشێکیان کە کەمایەتیین و دەوڵەمەندن دۆخی گرانی و بێکاریی و برسێتی و هەژاری نازانن چییەو خۆیان و ماڵ و منالّیان، پۆشتەو پەرداخ و لەو لاشەوە زوربەی خەڵکی نەدارو هەژاری موسڵمان نەدەتوانن جل و پێڵاوی تازەو جوان و نەدەتوانن تەنانەت دەستیان بە خواردنی گۆشت و دڵخوازی خۆیان رابگات. بۆیە لە ڕۆژی جەژندا بە خەمباری بێزاری دادەنیشن و ڕۆژی جەژن بۆ ئەوان ڕۆژێکە کە بەهۆی کەلتورو دابونەریتی کوردی وئیسلامیەوە دەبێت هەموو پێداویستەکانی جەژن بکڕن بە نرخی هەژار بوونی زیاتر و لە ژێر گوشاری کەشی زاڵی کۆمەڵگەدا.
لەکاتێکدا دەسەڵاتی بورجوازی کوردیش موچە وەک خێر دەداتە موچەخۆران و بەبۆنەی جەژنەوە موچە دابەش دەکات گوایە جەژنانەیە، هەموو ئەمانە بۆ فریودانە ئەگینا موچەخۆران مافی خۆیانە موچەکانیان پێبدرێت. دەسەڵاتێک کە خۆی بە حاکمی کۆمەڵگە دەزانێت دەبێت جواب بە پێداویستیەکانی خەڵک بداتەوە و دەبێت خەڵکی کوردستان هەموو رۆژێکیان خۆشی وجەژن بێت، نەک جەژنێکی مەزهەبی سەپێندراو ببێتە رۆژێکی ناخۆش و باری سەرشانیان قورس بکات کە ناتوانن پێداویستیەکانی جەژن دابین بکەن. هەموو ئەم جەژنە مەزهەبیانە جەژنی خەڵکی زەحمەتکێش نین ، بەڵکو جەژنێکە هی ئیسلامی سیاسی ومەزهەب وسەرمایەداریە و لەم جەژنانەشدا هەر ئەوان قازانجی لێ دەکەن. بێجگە لەهەموو ئەوانەی باسمکردن کەسێکیش بەڕۆژو نەبوبێت لە رۆژی جەژندا سوکایەتی پێ دەکەن و تانەی لێ دەدەن گوایە جەژنی ئەو نییە چونکە بەڕۆژو نەبووە. ئێ جەنابی موسڵمان مادام جەژنی ئەو کەسانە نییە باوەریان بە مەزهەب نییە لێیان گەڕێن نە تانەیان لێ بدەن نە سوکایەتیان پێ بکەن و نە پیرۆزباییان لێبکەن بەبۆنەی ئەو رۆژەوە، چونکە کەسانێکی زۆر هەن ئەسلەن باوەریان بەدین نییە، بەڵام موسڵمانەکان لە ڕەمەزان و وە لە رۆژی جەژندا ئیحراجیان دەکەن و ئازادیان پێشێل دەکەن .
نوێژ کردن وبەڕۆژو بوون و باوەر بوون بە مەزهەب وخوا دەبێت ببێتە کاری شەخسی ئینسان و هیچ کەس هەقی ئەوەی نییە بەزۆر بیروباوەر بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت و دەبێت کۆنەپەرستی و دواکەوتویی پاشەکشەی پێ بکرێت، ئەرکی هێزە چەپ وکۆمۆنیستەکان و خەڵکی ئازادیخوازە نابێت ڕێگە بدرێت مزگەوتەکان بکرێنە شوێنی فتوادان و هەرەشەو سوکایەتی پێکردن بە خەڵکی غەیرە مەزهەبی و وە نابێت فەزای کۆمەڵگە ببێتە فەزایەکی ئیسلامی کە تێیدا منالان بەزۆر حیجابیان پێ لەبەر بکەن و ئیسلامی سیاسیش قازانجی لێ بکات و بەم بۆنەیەوە تیرۆریزم گەشە بکات. وە دەبێت گازینۆ و رێستورانەکان بکرێنەوەو بەئازادی کار بکەن و دوکانی مەی فرۆشی بەئازادی دوکانەکانیان بکەنەوەو مەی فرۆشتن ئازاد بێت و مەی خواردنەوە قەدەغە نەکرێت. ئەرکی کرێکارانە بەتایبەتی ئەو کریکارانەی لەو مانگەدا بێکار دەکرێن بەرۆکی خاوەن کارو دەسەڵات بگرن تا هەقی یەک مانگ بێکاریان بۆ سەرف بکات، ئەم کارەش بە وشیاریی و یەک ڕیزی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش بەدی دێت و دەبێت هەموان لەم پێناوەدا یەک ڕیز بن و خۆیان ڕێکخراو بکەن ڕێگە نەدەن مناسەبەتە مەزهەبیەکان بێ کاریان بکات و ماف و ئازادیەکانیان پێشێل بکات...

بۆپێشەوە
FORWARD

# لە سەروبەندی ڕۆژی جیهانی منداڵاندا، 3,5 ملیۆن منداڵی عێراقی لەژێر هەڕەشەی چەکدارکردندان..!!

شێرزاد فاتیح




دیسانەوە سەروبەندی ڕۆژی جیهانی منداڵانە، لەم ڕۆژەدا ڕێکخراو و نووسەران و لایەنەکان، تەنانەت ئەوانەش کە لە دەسەڵاتدان و هۆکاری چەوساندنەوەو بێمافیەکانی منداڵانن قەڵەماکانیان دەخەنە گەڕ و دەکەونە ڕازاندنەوەی ڕۆژنامەکانیان لەسەر ئەم بۆنەیە، بەڵام لە ڕاستیدا هیچکام لە بەرپرسانی ناسیۆنالیزمی کورد و عەرەب لە کوردستان و عێراقدا مافەکانی منداڵان و کێشەکانیان کیشەی ئەوان نەبووەو نییە.

بەپێی تازەترین ڕاپۆرتی یونیسیف کە لە مانگی مایۆ (ئایار) ٢٠١٧ بڵاو کراوەتەوە هاتووە کە 3,5 سێ ملیۆن و نیو منداڵ لە ژێر هەڕەشەی چەکدارکردندان لەلایەن گروپە تیرۆریستەکان وەک داعش و حەشدی شەعبییەوەو بۆ شەڕ بەکار دەهێنرێن، سەدان منداڵ لەژێر دەسەڵاتی داعشدا لە ناوچە جیاجیاکاندا مەشقی سەربازی و کوشتن و چۆنێتی سەربڕینی مرۆڤیان پێ دەکرێت. لە شاری موسڵ نزیکەی ½ منداڵ لە ژێر سایەی ڕەحمەتی بۆمبی داعش و هاوپەیمانان و چەکدارانی جیاجیای عێراقیدان. ئەو تازە لاوانەی لەژێر دەستی داعش هەڵدێن بە پێی وتەی کەس و کاریان لە لایەن حەشدی شەعبیەوە سەرنگون دەکرێن و لە ناودەبرێن لە بری هاوکاری کردن و چاکسازی.

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەمیشە لە شەڕو پێکدادان و کارەساتەکاندا هەمیشە بەشێکی زۆر لە قوربانییەکان منداڵان بوون، جا ئیتر کارەساتی سروشتی بێت یان شەڕی کۆنەپەرستانەی نێوان حیزب و لایەنەکان لەپێناوی دەسەڵات و پارەو پوڵ بێت، یانیش پەتاو بەڵای نەخۆشی و بەم دواییانەش پەتای ئیسلامی سیاسی توندڕەوی داعش و بوکو حەرام و قاعیدەو حەشدی شەعبی و چی و چی تر...!! کە هەریەکەیان بەشێوەیەک بەرۆکیان بە کۆمەڵگا گرتووەو بونەتە ملۆزمێک بۆ گیانی خەڵک و منداڵان کە ئاسانترین پاروی ئەم دڕندانەن.

دوای چاوپێداخشاندنی UN بە دەرئەنجامی شەڕی نێوان وڵاتانی سەرمایەداری زلهێز و بەتایبەتیش دوای جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم و جەنگەکانی تری ناوچە جیاجیاکانی جیهان، سەرئەنجام دەرکەوت کە چەندە پۆلیس و سەربازو ئەوانەی کە لەبەرەکانی شەڕن و چەکیان بەدەستەوەیەو بەکوشت دەدرێن، ژمارەیەکی تری زۆی خەڵی سیڤیل لە ژن و منداڵ و خەڵکی بێتاوان لە کاتی تۆپبارانی فرۆکەو هێرشکردن بۆ سەر شارەکان و جێگەی ژیانی مەدەنی خەڵکدا ژمارەیەکی زۆرو بەرچاو لە منداڵانی بێتاوان دەبنە قوربانی، هەربۆیەشە لە یەکێک لە بڕگەکانی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا باس لە پاراستنی مافەکانی منداڵان کرا، ئەوەبوو هەر سەرەتاش ڕێکخراوێک بە ناوی عصبة الامم هەر لە ساڵی 1919 ەوە لەم بارەوەو لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا هاتە دەنگ، بەڵام ئەم ڕێکخراوە سەرکەتوو نەبوو لە کارەکانیدا و لە ساڵی 1945 دا هەڵوەشایەوە.

## مێژووچەی رۆژی جیهانی مناڵان

لە ڕاستیدا هیچ ڕۆژێکی دیاریکراو نییە کە لە یەک ڕۆژدا و لە سەرتاسەری جیهاندا پێکەوە ئەم یادە بکرێتەوەو ناوی ڕۆژی جیهانی منداڵان بێت، بەڵکو لەهەر وڵاتەو بەشێوەیەک ئەم یادە دەکرێتەوە. مێژووی ئەم ڕۆژە چوار پێنج دەهەیەکە گرنگی پێدەدرێت و مێژووەکەی زۆر کۆن نییە، لە 20 نۆڤەمبەری ساڵی 1989 دا بۆ یەکەم جار نەتەوە یەکگرتووەکان UN لەسەر ڕۆشنایی بڕیاری ساڵی 1953 کە دەکاتە چەند ساڵێک دوای شەڕیماڵوێرانکەری جەنگی جیهانی دووەم لەسەر ڕۆشنایی بڕیانامەی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا بڕیاریدا کە ڕۆژێک دیاری بکرێت بە ناوی ڕۆژی جیهانی منداڵان. وڵاتەکانیش خۆیان سەرپشکن و بڕیار دەدەن کەکام ڕۆژە هەڵدەبژێرنو ناوی لێدەنێن ڕۆژی جیهانی منداڵان.

## رۆژە جیاوازەکانی رۆژی جیهانی مناڵان

لە وڵاتانی پۆلەند، ڕوسیا و ڕۆمانیا ڕۆژی 1 جونی واتە ڕۆژی یەکەمی مانگی شەش یادو ئاهەنگی ڕۆژی جیهانی منداڵان دەکرێتەوە، لە وڵاتانی یابان و کۆریای باکور ڕۆژی 5 مانگی مەی کراوە بە رۆژی جیهانی منداڵان، لە تورکیا 23 ئەپریل و لە سوید هیچ ڕۆژێکی دیاری کراو نییە کە بەڕەسمی و لە هەموو شارەکان ئەم یادە بکرێتەوە، بەڵام لە چەند شوێن و شاری سوید ئەم یادە دەکرێتەوە بۆ نمونە لە شاری یۆتۆبۆری لە باخچەی پاشا هونەرمەندی شێوەکار ماریە والین لە ساڵی 1999وە بەردەوام ئەم یادە دەکاتەوە، بەڵام هیچکات بە شێوەیەکی ڕەسمی و لە هەموو شارەکاندا نییە، زۆر جاریش لە 12 یان 10 ئۆکتۆبەری لە چەند شاری سوید ئەم یادە دەکرێتەوە.

## هەلومەجی ژیانی مناڵانی کوردستان

منداڵان ئەو مرۆڤە چکۆلانەو ساوانەی نێو خێزان و کۆمەڵگەن کە بە ئاسانترین شێوە لە لایەن گەورەکانەوە ڕۆژانە لە نێو ماڵدا، لەسەرجادە، لە قوتابخانەو شوێنەگشتیەکاندا، لێیان دەدرێت، توندوتیژیان لەبەرامبەردا دەکرێت، ناچاردەکرێن بە کاری قورس و نەشیاو کە لە توانای جەستەی ناسکی منداڵاندا نییە، مل کەچ دەکرێن بۆ بازرگانی مادەی هۆشبەرو سێکس و هەرچی کاری نامرۆڤانەیە لە دژیان بەکار دەهێنرێت. لە کوردستانیش زۆرێک لەوانەی شاگردی خواردنگاکان، زۆرێک لەوانەی لەسەر شۆستەکان شت دەفرۆشن و پێڵاوبۆیاغ دەکەن منداڵانن. ئیتر ئەمە زۆر هاوکێشەیەکی قورس نییەو پێویستی بە زۆر بیر کردنەوەو لێکدانەوە نییە، هەر پیاسەیەکی بەردەرکی سەراو جادەی کاوەو مەولەوی ...هتد لە سلێمانی، هەڵوێستەیەکی شێخەڵاو بازاڕەکانی دەوروبەری قەڵای هەولێر و سەنتەری شارەکانی تری کوردستان ئەم ڕاستیە نیشان دەدەن کە منداڵان لەچ هەلومەرجێکدا ژیان دەگوزەرێنن. حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتیش هەرودوو حزبی زلهێز، کە ئێستا چەندین حزبی تریش بۆ دەسەڵاتەکایان زیاد کردووەو شەریک و بەرپرسن لە هەموو ئەو تاوانەی لە دژی منداڵاندا ئەەنجام دەدرێن، ئەمانە ئەوەی بۆیان گرنگ نییە مافەکانی منداڵانە، ئەم حزبانە خۆیان بەشێکن لەو نەگبەتی و نەهامەتیانەی بەسەر منداڵاندا دێن. بزوتنەوە و کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی ژەهراوی حوجرەو مێشک شتنەوە دەرخواردی منداڵان دەدەن و ئامادەو پەروەدەیان دەکەن بۆ چونە ناو داعش، بەپێی ئەو ئامارانەی کە لە ڕۆژنامەکان بڵاو دەکرێنەوە زۆرێک لەو منداڵ و تازە لاوانەی دەچنە ناو داعش بەجۆرێک لە جۆرەکان یان ئەندامی حیزبە ئیسلامیەکانن یانیش لە حوجرەو مزگەوتەکان وانەی ئاینیان پێدراوە و لەژێر دەستی ئەواندا پەروەردە کراون، یانش بەسەرپەرشتی وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم پرۆسەیە ئەنجام دراوەو بودجەی بۆ خەرجکراوە. ئەمەجگە لەوەی کە چەندین کەس لەوانەی چونەتە ناوداعش و ئەمڕۆ شمشیر بەدەستن و چەندین پێشمەرگە و منداڵ و ژنیان سەربڕیوە، بەسلەمەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوون لەوەزارەتی ئەوقافدا کاریان کردووە. حکومەتی هەرێمی کوردستان ، حکومەت و دەسەڵات و عەقڵیەتی خێڵ و بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانییە، حکومەتی خەڵک و ئامرازی جێبەجێکەرو خزمەتکردنی کۆمەڵگای کوردستان نییە، حکومەتێکە تینوی بیرەنەوتەکان و لێدانی پرۆژەی سەرمایەگوزاری و بە بارمتەگرتنی قوتی خەڵک و دزینی پاروی دەمی منداڵانی کوردستانە. ئەوەی بۆیان گرنگ نییە و لەبەرنامەیاندا نیە مافەکانی منداڵان و بیرکردنەوەیە لەژیان و گوزەرانیان.

ڕاپۆرتی ئەمساڵ ٢٠١٧ یونیسیف جیاوازی زۆری لەچاو ساڵانی ڕابردوودا هەیە، لە عێراق وکوردستاندا کە ئێستا بەشێکی ناوچەکان بە دەست داعشەوەیە گەورەترین تاوان لە دژی منداڵان ئەنجامدراون. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە یەک نەوەی نوێ لە منداڵانی کوردستان و عێراق لە خوێندن بێبەشن و لە نێو شەڕو نائەمنیدا ونبوون، کە هەموو ئەمانە دەبنە ماتریاڵی شەڕێکی وێرانکەری. نزیکەی ٢٠٠٠ منداڵی کچ لە موسڵ و شەنگار لاقەکراون وبەتایبەتیش منداڵانی ئێزیدی کە لە لایەن داعشەوە دڕندەترین تاوانی بە کۆمەڵ لەدژی منداڵان، ئەنجام دراوە. لە ڕاستیدا کاتێک دەکرێت پیرۆزبایی ئەمڕۆژە لە منداڵان بکرێت، کە لانی کەمی داخوازیەکانیان بەدی هاتبێت، ژیانێکی نۆرماڵیان هەبێت و ژیانیان پڕلە ئەمن و ئاسایش بێت، حورمەت و کەرامەتی ئینسانیان پارێزراوبێت. بەڵام لە ئێستادا هیچکام لەمانە بەدی نەهاتوون و ژیانی پڕ لە کولەمەرگی منداڵان لە لوتکەی خراپی دایە، لە ئێران و سعودیە و یەمەن و بەشێکی زۆری لە وڵاتانی ئەفریقا یاسای ئیعدامی منداڵان هەیە، گەورەوبچوک بەشودان و ژن بەژنە و چەندین یاسای دژی ئینسانی دژ بە منداڵان هەیەو پیادە دەکرێت. بۆیە بەبڕوای من شتێک نییە کە پیرۆزبایی لێبکەین، بەڵام ئەوەی کە پێویستە لەسەرمان بیکەین ئەوەیە کە دەبێت لە هەموو کاتێک زیاتر و بە وریاییەوە چاو لەوەزعی ناهەمواری منداڵان بکەین، ئێمەی گەورەکان و پەروەردکاران ئەرکمانە نەهامەتییەکانی ژیانی منداڵان بۆ کۆمەڵگە بەیان بکەین و لەم مەترسیە گەورەیە ئاگاداریان بکەینەوە کە چ نەوەیەک سبەینێ ئەرکی بەڕیوەبردنی کۆمەڵگەی لە ئەستۆ دەبێت، هەروەها هەمیشە یەخەی دەسەڵاتداران بگرین و بەرپرسیاریان بکەین لە لەهەر نەهامەتی و نەگبەتیەک کە بەسەر منداڵاندا دێت.

**بژی مافەکانی مناڵان**

**بژی رۆژی جیهانی مناڵان**

**مافی هەر مناڵێکە کە بەهرەمەند بێت لە ژیانی بەختەوەرو ئاسودەو داهێنەرانە!**

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# گۆڕان دوای نەوشیروان...

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

ئەگەر گوێ نەدەین بە کادر و هەڵسوڕاوانی گۆڕان و نووسەرانی جڵەوکراو... کە بانگەشەی ئەوە دەکەن "گۆڕان توشی شڵەژان نابێت، گۆڕان بە تەوژمەوە درێژە بە ڕێبازی نەوشیروان مستەفا دەدات، گۆڕان هێزێکی تۆکمەو بە بەرنامەو دەستورە، نەوشیروان هەموو شتێکی وتوە بۆ بزوتنەوەکە، دوورکەوتنەوەی دووساڵی نەوشیروان حکمەت بووە بۆ ئەوەی کادرەکانی گۆڕان لەسەر قاچی خۆیان بوەستن... تا ڕادەی ئەوەی کە ژمارەیەک لە کادرەکانی گۆڕان هێندە دەورو نەخشی نەوشیروان بەکەم دەگرن کە ڕۆشتن و مەرگی هیچ کاریگەریەکی لەسەر گۆڕان نابێت...تاد". هەموو ئەو بانگەشانە بەشێکی پەیوەندی بەشداری فراوانی خەڵکەوە هەبوو لە ڕێورەسمی مەراسیمی نەوشیروان و بەشیکی تریشی پەیوەندی بە دڵدانەوەی خۆیانەوە هەیە..

کەس ناتوانێت ئەو ڕاستیە فەرامۆش بکات کە نەوشیروان مستەفادا، یەکێک بووە لە ڕابەر و کاراکتەری سیاسی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد لە چەندین دەهەی ڕابردووی کۆمەڵگەی کوردستاندا، بۆیە ئاسایی ترین شت ئەوەیە ئەو بزوتنەوەیە بە حزبەکان و ڕێکخراوەکان و کەسایتیەکان و نووسەرو روناکبیر و ڕۆشنبیراو گۆڕانی بێژ و تادەگاتە حزبەکەی خۆی و کەخۆی دامەزرێنەری بووە بە یەکێک لە ڕابەرانی خۆی بزانیت و بەمەرگی ئەو خەمبار ببن و بە شێوەیەکی فروانیش بەشداری لە پرسەو ڕێ و ڕەسمی بەخاک سپاردنیدا بکەن. بەڵام ئەمە هەموو حکایەتەکە نییە، بەشێکی تر پەیوەندی بە نەفرەتی قوڵی جەماوەری کوردستانەوە هەبوو لە دەسەڵاتی میلیشیایی پارتی و یەکێتی. وەکو دوو دەسەڵاتی تاڵانچی و مافیایی و ناکۆک لەسەر چەند پرسێک لەگەڵ گۆڕاندا. هاوکات یەکێتی نیشتیمانی و بە دیاریکراویشی زوربەی زۆری جەماوەری یەکێتی بە پەرۆشەوە بەشداری ئەم ڕێورەسمەیان کرد، تا نەفرەتی خۆیان لە رابەری پارچەپارچە و باڵەکانی یەکێتی رابگەیەنن و ئەوە بەبیر سەرکردایەتیەکەیان بخەنەوە، کە نەوشیروان رابەر و کەسی یەکەم و دووەمی مێژووی ناو کۆمەڵەو یەکێتی نیشتیمانی بووە تا ساڵی ٢٠٠٦ ... دیارە نابێ ئەوەش فەرامۆش بکەین کە بەشێکی یەکێتی تەماحیان لە جەماوەری بزوتنەوەی گۆڕان هەیە بە دوای مەرگی نەوشیرواندا... بەرەو ماڵە باوان و یەکێتی پەلکێشیان بکەنەوە. بەتایبەتیش کە ژمارەیەک لە بەرپرسانی دەسترۆشتوی گۆڕان مەیلیان بەلای یەکێتیدا، ماوە. ئەم فاکتە واتە بەشداری فراوانی جەماوەری لە مەرگی نەوشیروان مستەفادا، زۆرێک لەسەرانی بزوتنەوەی گۆڕانی مەست کردووە تا مایە لەسەر زیدەرۆییەکی بێ پایە لەسەر ئایندەی گۆڕان هەڵبچنن..

بەشێکی تر لە پیا هەڵدان بەوەی گۆڕان بەبێ نەوشیروانیش دەتوانێ نەخشی جاران بگێرێت و لەسەر بنەمای ئەوەی گۆڕان دەستور و بەرنامەی هەیەو نەوشیروان هەموو شتیکی وتوەوهیچ نەماوە نەیڵێت و هیچی نەهێشتۆتەوە بۆ وتن و کردن... ئیتر ئەوە جگە لەدڵدانەوەی خۆ و دیدێکی گەمژانە شتێکی تر نییە. لە دنیای سیاسەت و حزبایەتیدا، هەمیشە پرس و پێشهاتی سیاسی و ئاڵوگۆڕ و دۆسیەو فایلی تر دێنە پێشەوەو پێویستیان بە ڕاگەیاندنی دید و ڕوانین و نەخشەو بریاری سیاسیە. ئەو دیدە کە پێی وایە نەوشیروان یان هەرکەسێکی تر هەموو شتێکی وتوەو کردووە و بۆ تا ئەبەد بەکاردێت... بە دین کردن و بەقورعان کردن و بە ئایدۆلۆژکردنێکی چەقبەستووە. کە ئەمە تەنها بۆ دەروێشەکانی ئیسلام دەست دەدات نەک بۆ سیاسەت و حزبایەتی و دنیای پڕ ئاڵوگۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی...تاد. سەرانی بزوتنەوەی گۆڕان لە ئێستادا هێندەی لەسەر ئەوە کار دەکەن نەوشیروان بکەنە بت و کارکتەرێک بۆ پەرستنی خۆی مەزارەکە، هێندە لە بیری گۆڕانی دوای نەوشیرواندا نابینرێن. لەوە دەچێت کێبەرکێ مەزار و پەرستنی نەوشیروان لەگەڵ مستەفا بارازنی و برایم ئەحمەدا بکەنە سێ کوچکەی بارزان و زەرگەتەو .... ، ئەمانە وەکو پیرۆزی نەتەوەو نیشتیمان دەرخواردی کۆمەڵگا بدەن.

گومان هەڵنەگرە، حزبی گۆڕان بێ نەوشیروان ناتوانێ گۆڕانی جاران بێت... کەواتە چارەنووسی ئەم حزبە چی بەسەردێت، چۆن بۆشایی نەبوونی نەوشیراون پڕ دەکرێتەوە؟ ئایندەی گۆڕان بەوەوکوێ دەچیت؟ پرۆژەکانی ئەم بزوتنەوەیە چیان بەسەر دێت؟ چارەنووسی ڕیکەوتنی گۆڕان لەگەڵ یەکێتی، پەیوەندی گۆڕان و لایەنەکانی تر... بە تایبەت ململانێی لەگەڵ پارتی چۆن دەچیتە پێشەوە؟ پاکیجەکانی داهاتویی گۆڕان دەبن بەچی؟ ئەمانەو دەیان پرسیاری تر... لەبەردەم بزوتنەوەی گۆڕاندایە.

دیارە ئەوەی وا دەکات وەڵامی ئەو پرسیارانە ئاڵۆزتر و پڕ گرێکویرەو کێشەبکات، ئەوەیە نەوشیروان مستەفا لە کاتێکدا ماڵئاوایی کرد، کە بزوتنەوەی گۆڕان لەرەوتێکی روو لە نشێودا بوو. رەوتێک کە لەساڵ و نیوی رابردووەوە وە پێشتریش بە چونە ناو حکومەتی بنکە فروان و گەندەڵی یەکێتی و پارتیەوە دەستی پێکرد و بەملهوری نواندنی پارتی بە داخستنی پەرلەمانە کارتۆنیەکەیان و دەرکردنی وەزیرەکانی گۆڕان، زیاتر ئەو رەوتی پاشەکشەیە بەرجەستە بوو. بە جیا لەوانەش بزوتنەوەی گۆڕان لە ساڵ و نیوو رابردودا لە ئاستی سیاسی و کۆمەلایەتی و روداوە سیاسیەکاندا، بیدەنگترین رەوتی سیاسی بوو. کارەساتی شەنگال رویدا ئەم حزبە بە شێوەی فەرمی بێدەنگی هەڵبژراد، چەندین مانگ کارمەندان و مامۆستایان دەستیان دایە بایکۆت و خۆپیشاندان و لەسەر شەقام بوون بۆ موچەو هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی پاشەکەوتی موچە، ئەو بزوتنەوەیە دیسان بەشێوەی فەرمی بێدەنگەی هەڵبژراد و نەچووە پشت خواستی رەوایان. ئەمرۆ برسێتی و هەژاری برستی لە جەماوەری کوردستان بڕیوە، دیسان قسەیەکی جدی و جێگا شایستەی بۆ وتن لانییە، شەری داعش بەرەو کۆتایی دەچێت و ئاڵوگۆڕەکانی دوای داعش بێ جێگان لای گۆڕان، پرسی ریفراندۆم لەلایەن پارتییەوە بۆ مەبەستی زۆرتایبەت هێنراوەتە ئارا، ئەم بزوتنەوەیە جگە لەکاردانەوە لەچوارچیوەی ململانیی لەگەڵ پارتیدا، شتیکی ئیسپاتی و تایبەتی لە هەگبەکەیدا نییە. لەو رۆژەوەی سەرۆکی پەرلەمان ڕێگری لێکراوە، جگە لە وتنەوەی سەرۆکی پەرلەمان شەرعیەو دەبێ بۆ کارا کردنەوەی پەرلەمان ئەو بگەڕێتەوە، هیچی تریان نەبووە. لەم دۆخی پاشەکشەیەدا، مامەڵەکردن لەگەل گۆڕانی دوای نەوشیروان قورسترە. دیارە ئەگەر گۆڕان لە رەوتی گەشەو پێشرەویدا بوایە ئاسانتر دەتوانرا کاریگەری بێ نەوشیروانی تێ بپەڕێنرێت...

گۆڕان لە دۆخی ئێستایدا، بەجیا لەو رەوتی پاشەکشەیەی تیاییدا بەسەر دەبات، پرسی جیگرتنەوەی نەوشیروان مسەفا قورسترین کێشەی رووبەرووی رابەری گۆڕانە. کێ دەتوانی ببێتە جێگرەوەی نەوشیروان، کێیە خاوەنی ئەو سەنگ و قورسایەیە کە هەردوو نەوەی نوێ و کۆن لە گۆراندا دەتوانێت یەک بخات؟ کێیە دەتوانی ئیدارەی ململانیی نیوان رابەری گۆڕان بکات؟ کییە دەتوانێ ببێتە خاوەن بریار و ئیمزا لە سیاسەت و بریار و نەخشەو پاکیجە سیاسیەکان بدات؟ کییە کە دەتوانێ لەگەمە پەیوەندی حزبەکابدا، نەخشی رابەر ببینێ؟ ململانیی نیوان خانەوادەی بۆرژوازی کورد، بەتایبەت لە ئیستادا پەیوەندی گۆڕان و پارتی، چ رابەریەکی دەوێت؟ یەکێتی و پارتی کاردانەوەیان لەسەر جێگرەوەی نەوشیروان چۆن دەبێت؟ لە رابیتە بەدەوڵەتی عێراق و عەبادی، لە پەیوەند بە ئێران، کێ بریار دەدات؟ لەچۆنیەتی سازدانەوەی حکومەت و پەرلەماندا، تا دەگاتە پرسی دوبارەی هەڵبژاردنی پەرلەمان و شارەوانیەکان، کێ دەبێتە ئەندازیاری گۆڕان؟ ڕێکەوتننامەی گۆڕان و یەکێتی، بەبێ نەوشیروان بەکوێ دەگات؟ حزبەکان کێ قبوڵ دەکەن وەکو رابەری گۆڕان لە ئێستادا؟ نزیکایەتی نێوان گۆڕان و رەوتە ئیسلامیەکان، چی بەسەر دێت؟ ... دەیان پرسیاری تر یەخەگیری ئێستای رابەری حزبی گۆڕانن. نەبوونی وەڵام بۆ ئەم پرسیارە سەرەکیانە گۆڕان توشی کێشەی ناوخۆیی تا رادەی لیکترازن پەلکیش دەکات.

مەسەلەیەکی تر جەماوەر و هێزی گۆڕانە... گۆڕان چۆن دەتوانیت پاریزگاری لەو سەنگ و سوکیەی بکات، کە هەیەتی؟ چۆن دەتوانێت جەماوەر و لایەنگرانی لە تەماحی حزبەسیاسیەکان بپاریزێت؟ بە تایبەت یەکێتی و ئیسلامییە ئیخوانیەکان چۆن بەشێکی زۆر لەجەماوەرو هیزی یەکێتی نەوشیروانیان بە رابەری خۆیان زانیوە، بەهەمان شێوەش جەماوەری گۆڕان و یەکیتی خۆیان سەر بەیەک سەرچاوە دەزانن و نزیکایەتی نێوانیان بەجیا لەرووی سیاسیەوە، بەلکو زونی هەڵسوارنیش تیکەڵەو لەیەک جغرافیادا، پیگەی بەرجەستەیان هەیە. هاوکات رەوتی ئیخوانی لەناو گۆڕان و رابەری گۆڕاندا، راستیەکی حاشاهەڵنەگرە، ئەو رەوتە چی بەسەر دێت وگۆڕان چۆن خۆی لە هەژموونی ئەم رەوتە دەپارێزێ؟

مەسەلەیەکی تر چۆنیەتی ئیدامەدانی شیوازی کاری سیاسی گۆڕانە، ئایا گۆڕان دەتوانێ تەنها بە خۆبەستنەوە بەکاری مەدەنی! و پەرلەمانی!! و بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا... دریژە بە تەمەنی خۆی بدات، یان بازێکی پێویستەو دەبێ تەجاوەزی ئەم شیوە کارە سیاسیە بکات؟ ئایا گۆڕان هێشتا لای وایە دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە ریگای کایەی پەرلەمانیەوە دەکرێت؟ یان بیر لە ریگاو شیوازی تر دەکاتەوە؟

نەخشەی گۆڕان بۆ جەماوەرەکەی لە زونی زەردا چییە؟ ئەم جەماوەرە هەر دەبنە گوێگری پەرلەمان و کایەی پەرلەمانی یان لەخوارەوە دەبنە بەشیک لە بزوتنەوەیەکی شەقام و هێزی گۆشار لەسەر پارتی؟ پەیوەندی جەماوەری گۆڕان و یەکێتی لە زونی زەردا، چۆن دەتوانی هەماهەنگیەک لەگەل یەکتری دروست بکەن و بەر بە هەژموونی پارتی و دەسەڵاتەکەی بگرن؟ ئایا گۆڕان هەر پشت بە دانوستاندن دەبەستیت لەگەڵ پارتی، یان ریگای تر و ئەلگۆی تر بەدەستەوە دەگرێت؟ لەبەرامبەر بە یەکێتیدا و لە زونی سەوز چۆن هەژمومی دەسەڵاتی یەکێتی کە پشتی بە زۆری چەک و دەستبەسەراگرتنی هیزە ئەمنیەکان و داهاتی زونەکەدا گرتووە، مامەڵە دەکات؟ گۆڕان چۆن دەیەوێت ببێتە هاوبەشی راستەقینە لەدەسەڵاتی بۆرژوازی کوردا چ لەسەر ئاستی کوردستان و چ لە زونی سەوزدا؟

وەڵام دانەوە بەو پرسیارانەو دەیان پرسیاری تر... پێویستی بە رابەرو و بەجێگرەوەی نەوشیروانەوە هەیە... گۆڕان بۆئەم وەڵامە ئامادەیە یان ئامادەکاری دەکات؟ یان خەریکی بەخواکردنی نەوشیروانە تا جەماوەی گۆڕان سوجدەی بۆ خۆی مەزارەکەی بەرن؟

ئەوە ئێستا دەردەکەوێت، گۆڕان لە شۆکدایەو بێ وەڵامە لە ئاست پرکردنەوەی جێگای ڕێکخەرەکەی و وەڵامدانەوە بە پرسی ڕێکخراوەیی و خۆی و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و کیشەو گرفتە زۆرو زەوەندەکانی کۆمەڵگای کوردستان، ئەمەش نیشانەکانی رەوتی پاشەکشەی زیاتر و داکوژانی بزوتنەوەی گۆڕان نیشان دەدات.

**دواکات بۆ وەرگرتنی بابەتەکانی ژمارەی داهاتوو ٢٠١٧/٦/١٢**



پرسی ژن ?



# توندوتیژی جنسی مەترسیدارترین ئازاری جنسی

هەتاو عەبدوڵاهی

رەهەندە جیاوازو هەمەچەشنەکانی توندوتیژی دژ بە ژنانو منداڵان، گەلێک بوارو شێواز لە خۆی دەگرێتو هەرکام لەروو و لایەنەکانی ئەم رەوشە پێناسەو شرۆڤەی تایبەت لەخۆی دەگرێتو پێویستی بە خوێندنەوەو شیکردنەوەی ئاکادمیکتر هەیە. یەکێک لەو لایەنە هەستیارانەی توندوتیژی بەرانبەری دوو رەگەزی ئاماژەبۆکراو کە کەمتر شیکراوەتەوەو بە بەربڵاوی ئاوری لێنەدراوەتەوە یاخود پاساوی بۆ وەرێخراوە پرسی توندوتیژی لە چوارچێوەی دەسدرێژی سێکسی دایە، کە لە بەراورد لەتەک چەشنەکانی تری توندوتیژی پێناسەکردنی بە هۆی جۆراو جۆر، شێواوەو ئەنگوست نەخراوەتە سەر بنەماکانی رەچاوکردنی ئەم چەشنە لە زێدەخوازی رەگەزیو لایەنە پاڵپشتەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسیو فەرهەنگی ئەم رەوشە، شیکاری بەرفراوانی زانستی بۆ نەکراوە. یان لانی کەم لە ولاتانی لە پاشکەوتوویی راگیراو یاخود لەناو هەناوی کەلتوورە نەریتخوازەکاندا ئیزنی پشکنینی ئاکادمیکی پێنەدراوە. بە کالایکردنی ئەو بەشە لەجەستەی مرۆڤ رەنگە لە پێناسەی توندوتیژیدا تەنیا تایبەت بە بەشی سێکسی ژن نەبیو کۆمەڵێک کەرەسەو ئامرازی پاڵپشتکردنی بەشی فیزیکی سێکسش بکەوێتە خانەی پێناسەکردنی توندوتیژی سێکسیەوە .کەڵک لێوەرگرتنی سێکسی ژن وەک ئامرازی دامرکاندنەوەی هەستی سێکسی رەگەزی نێرسالار مەترسیدارترین ئازاری جەستەیی بۆ ژنو منداڵەو پاساوی هەڵسەنگاندنی ئەم هەڵسوکەوتەو بە بازاریکردنی یان وەک پیشەیی ناوبردنی بۆ کەس یان کەسانی قوربانی ئەم ئازارە، شێوازی توندوتیژییەکە، مەترسیدارتر دەکا. کەلتووری نێرسالار بۆ رەواییکردنی ئەم ئازارە لەهەوڵی گۆڕانی شێوە روانینیکدا بوون تا ئەم بە پیشەیی کردنەی سێکس وەک مافی ئازادی تاک بنرخێنو بەم چەشنە خۆیان لە تاوانێکی مرۆڤیو دەست درێژیکارانە بۆسەر کەرامەتی مرۆڤ بێبەری بکەن. بە گشتی هەر جۆرە ئاکارو روانینێک لە دەرەوەی بازنەی هەڵوێستی سایکۆلۆژیکی ژنو کەڵک وەگرتن لە پێگە دەسکردییەکانی رەگەزی پاوانخواز بۆ پاوانکردنی دەسەڵاتی سێکسی تاک بەسەر خۆیدا، وەک بنەماییترین پارامتری پێناسەی سێکسی دێتە نرخاندنو پەیوەست بەشێوە روانینی هەر کەلتوورو روانینێکی کۆمەڵایەتی تایبەت ئەم پێناسەیە هەمدیس خوێندنەوەی تر وەدەست دەدا. بۆ نموونە لە کۆمەڵگەیەکی ئایین سالار شێوەی روانینی رەگەزی نێر بۆ جەستەی سێکسی ژن بە پالپشتی گرێبەستە ئایینیەکانو فەرهەنگی زاڵ، توندوتیژی شرۆڤەی تایبەت هەڵدەگریتو لەکۆمەڵگەیەکی پیشەییو کراوەشدا توندوتیژی لێکدانەوەی تایبەت بەخۆی هەڵدەگرێ. بۆ نموونە ژنانی فمینستی وڵاتانی پیشەیی کەڵک وەرگرتن لە هێماو روخسارو هەیکەلی فیزیکی ژن لەسەر شتو مەکو کاڵا مەسرەفیەکانی بازار بە چەشنێک لە توندوتیژی سێکسی دەنرخێنن یاخود کەڵک وەرگرتن لە پێگەو رۆڵەکانی تاکو کۆمەڵ بۆ بە ژێر چۆکداهێنانی رەگەزی ژن وەک توندوتیژی سەیر دەکەنو لە هەموو کۆمەڵگاکاندا رۆژانە ئەم هەڵسوکەوتانە بە شێوەی جۆراوجۆر چەند پات دەبێتەوە لە ناو کوچەو کۆلانەکاندا، لە سەر شەقامو فرۆشگاکاندا، لە ناو شوێنە گشتیو پیشەییەکاندا□ بە بەرچاوی کۆمەڵگەی توندوتیژی سێکسی بەرانبەر ژنانو منداڵان بەرێوە دەچیو رێژەی میلیۆنی قوربانیانی ئەم کارەساتە مرۆڤیە بەرەبەرە لە زیادبوون دایە ئامارە فەرمییەکان لەو بوارەوە دەرخەری کۆمەڵێک راستی تاڵن. بە پێی راپۆرتی رێکخراوی نێونەتەوەیی تەندروستی، لە یەکەمین خوێندنەوەی بەرفراوانیدا لەو بوارەوە لە ساڵی 2002 دا 150000000 کچو 73000000 میلیۆن کوری ژێر 18 ساڵی لە دونیادا راگەیاندووە کە کەوتوونەتە بەر هەرەشەو ئازاری سێکسییەوە. لەناو ئەم وڵاتانەی پێکهاتەی سیاسیو کۆمەڵایەتیان لاوازە توندوتیژی سێکسی بەرفراوانترەو رێژەکەشی لەبواری چەندی و چۆنایەتییەوە مەترسیدارترە. وڵاتی ئێران بە هۆی گەندەڵی سیاسیو چەشنی دەسەڵاتەکەی یەکێک لەو وڵاتانەیە کە لە ساڵانی رابردوودا رێژەو شێوازی ئەم هەرەشە سێکسیانەی لە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگەکانی هاوچەشنیدا جێگەی شەرمەزاری دەسەڵاتدارانە. بۆ نموونە لە رووداوی کاشمەر کە لە بانەمەری ئەمساڵدا رووی دا 50 پیاو لە گوندێک دەسدرێژییان کردە سەر ژنێک کە تەنانەت دەسگای بەناو دادوەری کۆماری ئیسلامی هەڵویستی لێبراوی لەبەرانبەر ئەم تاوانە مرۆڤیەدا نەگرت. یان لەرووداوی دەسدرێژی بە کۆمەڵی 12 کەس بۆ سەر چەند بنەماڵە لەسەیرانگایەکی خومەینی شاردا بەرێوەبەرانی دەسەڵات هەڵوێستیەکیان نەنواند. راستیەکەی ئەوەیە دەستدرێژی بۆ سەر ژنانو منداڵان کە لە هەموو گۆشەو کەنارێکی دونیا بەرێوە دەچێ ناتوانێ هیچ پاساوێک هەڵگرێو هۆکارێکی لۆژیکی لەو بوارەوە ناتوانی زانستی بێو دەکرێ دەستدرێژی سیکسی بە هەموو شیوازو قەوارەکانی وەک تاوانێکی مرۆڤی بێتە ئەژمارو خەباتی کۆمەڵایەتیو نێو نەتەوەیی بۆ وەرێ بخەین.

# دیمانەی ” رادیکالیست“ لەگەڵ سەرنووسەری بۆ پێشەوە سەبارەت بە ئامانجی بۆپێشەوە

**ڕادیکالیست: بۆپێشەوە دەیەوێت چی بکات، ئایا ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە؟**

**عەبدوڵا مەحمود:** بەڵی بۆ پێشەوە بێ ئامانج نییەو ئامانجی زۆر دیاریکراویشی هەیە... دیارە پێشتر و لە ژمارە یەکدا بە روونی هۆکاری دەرچوونی بۆپێشەوە ئامانجەکانی بڵاوکراوەتەوە، لێرەشدا بە پێویستی دەزانم زۆر بە کورتی ئاماژەیان پێ بدەم بۆپێشەوە لەراستای ئامادەکردنی چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێشدا بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی و ئاڵوگۆڕهێنان بەسەر ئەم دنیا سەروخوارەو بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و بەرابەر و تەسەلدا تیدەکۆشێت.

بۆپێشەوە بە وێنەی مینبەری رابەرانی کرێکارانی سۆسیالیست، چەپ و کۆمۆنیستەکان، رابەرانی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری، ژنانی تورە لە ستەم و بێمافی و پیاوسالاری و هەڵسوراوانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، لاوانی هیوا خنکێنراو پڕ ئومێد، زەحمەتکێشان... و هەموو ئەو ئینسانانەی دڵیان، بۆ ئازادی و یەکسانی و دەسەڵاتی پشتبەستوی جەماوەری لێدەدات... هاتۆتە ناو گۆرەپانی میدیاییەوە. هەروەها بۆپێشەوە وەکو سەکۆیەکی لێبراو سازشهەڵنەگر، لەدژی بیروباوەری زاڵی کۆمەڵگا بە تایبەتی ناسیۆنالیزم و ئیسلامی دەجەنگێت و دەچێتە بەرامبەرکێی هەمەلایەنە لەگەڵ ئەفکار و سیاسەت و نەخشەی حزب و بزووتنەوە بۆرژوازیەکانی کوردستان و نووسەران و میدیای گوێ لەمستیان. وە هەوڵی بێدریغ دەدات کە بیروباوەری زاڵ، کە بیروباوەری چینی دەسەڵاتداری کوردستانە، بەر رەخنە بدات لە جێگایدا روانگەی ئینساندۆستی و ژیان دۆستی و نەخشە و رێگاو مەیدانەکانی تێکۆشان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی شایستەی ئینسانی، بخاتە روو.

بۆپیشەوە چ بە وێنەی بڵاوکراوەیەکی کۆمۆنیستی بەمەبەستی وەڵامدانەوە بەراگەیاندنی فریوکارانەو پیشەسازی فکر و چ بە مەبەستی ئاسۆدارکردنی خەبات و نارەزایەتی چینی کرێکار و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتنخوازەکان، بە ئاسۆی رزگاری بەخشی کۆمۆنیستیەوە، هاتۆتەوە مەیدان. بۆپێشەوە هەوڵدەدات لە هەمان کاتدا ئامرازێکی سازدەری چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش بێت، کۆمەک بکات بە پەرەپێدانی رەوتی رێکخراوبوونی جەماوەری ئەم چینە و بردنەسەری ئاستی تەحەزوبی کۆمۆنیستی کرێکاران و هەڵسوراوانی کۆمۆنیست...

بۆ پێشەوە، وەکو دەنگ و سەکۆی حەقیقەت و ئینسانیەت، بۆ بەرگری لە ماف و حورمەتی ئینسانی، بۆ ئازادی و خۆشبەختی ئینسانەکان بێگوێدانە ناسنامەی دینی و مەزهەبی، قەومی و ئیتنیکی، رەگەزو جنس و رەنگی پیشت... دەنگێکی رەسا دەبێت.

لە چەند دێردا... بۆپیشەوە، بەوێنەی زمانی تیژ و پاراو و سازشهەڵنەگری کۆمۆنیستی، بە وێنەی سەکۆی نارەزایەتی سۆسیالیستی و پێشکەوتنخوازی، وەکو مینبەری رۆشنکەرەوەی رەوتی خەباتی رەوای چینی کرێکارو بزوتنەوە رادیکاڵ و ئینسانیەکان، رۆڵی خۆ دەگێریت.

**ڕادیکالیست: پێشتر بۆپێشەوە بڵاوکراوەیەکی حزبی بوو، ئێستا دەڵێت زمانحاڵی حزبی نییە، ئایا سەردەمی بڵاوکراوەی حزبی کۆتایی هاتووە؟**

**عەبدوڵا مەحمود:** هیچ کاتێک سەردەمی بڵاوکراوەی حزبی بەسەرناچێت و هەموو حزبێک چەپ بێت یان راست پێویستی بەوەیە میدیای جۆراو جۆری هەبێت و لەو چوارچێوەیەشدا پێویستی بە بڵاوکراوە، یان ئۆرگان و زمان حاڵ ...هەیە. بۆپیشەوەی ئێستا بڵاوکراوەیەکی سەربەخۆیە و هەوڵدادەت ببێتە زمان حاڵی تەواوی بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی وبزوتنەوەی پێشکەوتنخوازی کۆمەڵگای کوردستان... وە بۆپێشەوە لە درێژەی بۆ پێشەوەی حزبدا، نەهاتۆتە مەیدان، تەنها ناوەکەی بۆپێشەوەیە بەڵام ئامانج و زمان حاڵی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری تورەی کوردستانە بە دژی دەسەڵات و بزوتنەوە بۆرژوازییەکان...

**رادیکالیست: بۆپێشەوە لە وەرەقیەوە دەبێتە دیجیتاڵی ئایا ئەمە بەواتای مەجازیبوونی رەخنەیە؟**

**عەبدوڵا مەحمود:** رەخنەی چینی کرێکارو رابەرانی سۆسیالیستی کرێکاریی و کۆمۆنیستەکان، رەخنەیە لە نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری، دیجتاڵی بێت یان لەسەر وەرەقە بێت، هیچ لە ناوەرۆکی ئەم رەخنەیە ناگۆرێت.. لە دنیای ئیستاشدا سۆسیال میدیاو میدیای دیجیتاڵی و ئۆنالین، نەخشی زۆر بەرجەستەی پەیاکردووە و ناکرێت ئەم ئیمکانە کەڵکی لێوەرنەگیرێت. دیارە ئیمە لە نەخشەماندایە، وا لە بۆپێشەوە بکەین کە چاپیش ببێت.

**رادیکالیست: لەیەکەمین ژمارەدا نووسەرو قەلەمێکی تازە و مەسەلەیەکی تازە نابینرێت، ئەمە چۆن لێک دەدەنەوە؟**

**عەبدوڵا مەحمود:** من لام وایە ناتوانرێت بڵاوکراوەیەک لە رێگای یەک ژمارەیەوە هەڵبسەنگێنریت، هەروەها قەڵەمی تازە ئێمە دروستی ناکەین و دەرگاشمان لەسەر هەموو قەڵەمێکی تیژی کۆمۆنیستی و ئینسان دۆستی و چەپ، کراوەیە. بەشێک لەو قەڵەمانەی هەن زۆر بەداخەوە دیلی سیکتاریزمی فیرقەیی و زهنیەتی دۆگمای خۆیانن و نایانەوێت بابەت بۆ ئێمە بنێرن ... ئێمەش زۆرمان لەکەس نییە و دەرگاشمان کراوەیە... هەرکەسێک بابەت بۆ ئێمە بنیرێت بە پێی مەوازینی راگەیەنراو بابەتەکە بڵاودەکەینەوە، چا ئەوانە سەر بە حزب و رێکخراوە و گروپ و کۆری سیاسی بن یان سەربەخۆ بن، هیچ سانسۆرێک لای ئیمە بوونی نییە، دیارە قەڵەمی تازەش هاتوون و بۆ بۆپێشەوە دەنووسن. دەربارەی بابەتی تازە راستی نازانم مەبەستان چییە؟ ئێمە لەگەڵ واقعیاتی زیندوودا مامەڵە دەکەین و لەروانگە و دنیابینی چەپ و کۆمۆنیزمدا، دیدو راونینن و رەخنەو ئەڵتەرناتیف مەترح دەکەین... لەو بارەیەشەوە دەتوانم بلێم هیچ بڵاوکراوەیەک وەکو بۆپێشەوە رۆشن و خاوەن روانینی خێراو تیژ و سازش هەڵنەگر و هەمەلایەنە نییە، دیارە هەوڵ دەدەین زۆر باشتری بکەین و چاوەروانیمان لە ئێوەش هەیە لە بەسەرکەوتن گەیاندنی ئەم پرۆژەیەدا، بەشداری بکەن...

# نەوت بەمانای ژەهر و نەهامەتییەکان یاخود خۆشگوزەرانی بۆ ئینسانەکان...



## نووسینی: کەریم کەریم

هەرێمی کوردستان لەڕووی (جوپۆلەتتک)وە وەک هەرێمێکی زۆر بەبایەخ و گرنگ و ستراتیجەوە هەڵکەوتووە کەچەندین وڵاتانی دراوسێ و جهان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، وەک وڵاتانی ( ئێران، تورکا، سورا و عێراق ). وە ئەم هەرێمەی کوردستان هەرێمێکی زۆر گرنگە لەڕووی بازرگانی لەهێنان و بردنی هەموو شتێک بۆ ناوەوە و دەرەوەی ئەم هەرێمەدا. هەروەها لەڕووی گەشت و گوزارەوە ئەم هەرێمە خاوەنی سروشتێکی زۆر جوان و دڵڕفێنەو بەهەبوونی چەندین هاوینەهەوار لەشوێنە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان کە ساڵانە بەهەزارەها گەشتارانی وڵاتانی دەرەوە و هاوڵاتیانی ناوەڕاست و خواروی عێراق ڕوو لەم هەرێمەی کوردستان دەکەن بەمەبەستی ژیانکردن و بەسەربردنی کاتی گەرمای وەرزی هاوین. وە جووڵانەوەیەکی زۆر گرنگ و پڕبایەخ و بەسوود لەم هەرێمەدا هەستی پێدەکرێت و دەبنرێت. هەرێمی کوردستان لەڕووی ئابووریەوە بەیەکێک لەهەرێمە پڕبایەخ و دەوڵەمەندەکانی ناوچەکە و جیهان دەناسرێت، چونکە هەرێمی کوردستان خاوەنی خاکێکی زۆر بەپیت و بەنرخە و پڕە لەسامانە سروشتییەکان بەتایبەتش بەهەبوونی سامانێکی بێشومار و سەرسووڕهێنەر لەنەوتی خاو. وە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کەهەرێمی کوردستان خاوەنی چەندین کێڵگەی نەوتە کەلەلایەن کۆمپانیاکانی بیانی سەرپەرشتی دەکرێت و ڕۆژانە کاری لەناو دەکەن کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی میلیشایی بورجوازی کوردستان بەڕێوەدەبرێت. وە ئەو سەروەت و سامان و داهاتەی لەنەوتی خاو و پێکهاتەکانی دەست دەکەوێت بەشێوەەکی نهێنی و برایانە لەناو خۆیاندا دابەش دەکرێت. ئەوەی جێگای سەرنج و تێبینی یە پێش ماوەیەک لەمەوبەر نەوتی خاو ئەوەندە ئاستی نزمبوونەوەی بەخۆوە بینی و بەپێی هەواڵێک بڵاوکرایەوە کە بۆ هەر بەرمیلێک لەنەوتی خاو بوو بە (٢٨) دۆلاری ئەمریکی لەبازاڕەکانی جیهاندا بە پێی ستاندەری جیهانی(برنت). وە هەروەها ئەوەی جێگای سەرنج و پێزانینە لە هەر بەرمیلێک لە نەوتی خاودا چەندەها مادده و پێکهاتەی لێ دەردەهێنرێت و دروستدەکرێت لەچەشنی (بەنزن، گاز، نەوتی سپی، پترۆڵ کیماوی، قیر، گرز و....هتد). سەرەڕای ئەوەش هەر لەماددەی (پترۆڵ کیماوی)دا چەندەها پێکهاتەی تری لێ دەردەهێنرێت لەچەشنی (پلاستیک و بۆیە و ...هتد). خەڵکی هەرێمی کوردستان باش دەزانن کەحکومەتی میلیشای بورجوازی کوردستان بۆ هەر خێزانێک ساڵانە (٢) بەرمیلی نەوتی تەرخان کردبوو دەبوایە بیدات بەخەڵکی هەرێمی کوردستان ئەویش زۆر بەزەحمەت و بەهەزار و یەک منەت پێمانی دەفرۆشت. دەبوایە بۆ هەر بەرمیلێک نەوت بری (٤٠،٠٠٠) هەزار دیناری عێراقی بدەی کە زیاترە لە فرۆشتنی (١) بەرمیلی نەوتی خاو کە ئەو هەموو پێکهاتەی لێ دەردەهێنرێت کەخۆشت لەسەر دەریایەکی نەوتی بڕۆی و بژت. ئەو (٢) بەرمیلە نەوتەی کە بەخەڵکی هەرێمی کوردستانی دەدا بەناوی (نەوتی سپی) بوو کەچی بەس هەر نەوت نەبوو چونکە ئەم نەوتە ببووە سەرچاوەیەک بۆ تووشبوونی هاووڵاتانی کوردستان بەجۆرەها نەخۆشی درێژخایەن لەچەشنی نەخۆشیەکانی وەکو (تەنگە نەفەسی، شێرپەنجە و دڵ و...هتد). سەرەڕای ئەوەش ئەو نەوتە بۆنێکی یەکجار ناخۆش و دژواری هەبوو. دوابەدوای ئەوەی حکومەتی میلیشایی بۆرجوازی کوردستان بڕیارێکی دەرکرد و هەستان بەزوڵم و زۆرداری و ناعەداڵەتی و بەکفر و ناڕەوایان زانی کە ئەو (٢) بەرمیلە نەوتە بدەن بەخەڵکی هەرێمی کوردستان. ئەوەی جێگای سەرسووڕمان و قابیلی قەبووڵکردن نییە ئەم حکومەتەی میلیشایی بورجوازی کوردستان لەکارو کردەوەیەکی زۆر نائینسانی و نائەخلاقیدا هەڵسا بەبڕن و نەدانی ئەو (٢) بەرمیل نەوتە بەخەڵکی کرێکار وهەژار و کەم دەرامەتی کوردستان. ئێمە زانیومانە لەهەر وڵاتێک و هەرێمێک و شوێنێک ئەگەر سامانە سروشتییەکان و نەوتی تێدا هەبێت، ئەوا ئەوپەڕی بوژاندنەوە و گەشەسەندن و پێشکەوتنی زۆر خێرا بەخۆوە دەبینێت. دانیشتوان و خەڵکی ئەم ووڵات و هەرێم و شوێنانە لەو پەڕی خۆشگوزەرانی و ڕەفاهیەت دەژین و لەهەموو یان زوربەی هەرەزۆری پێداوستەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان سوودمەند و بەهرەمەند دەبن و لەهیچ شتێک و وەسائیلێکی ژیان کەم و کورتیان نییە و لەوپەڕی ئاست بەرزدا خزمەتگوزاری پێشکەش بەسەرجەم هاووڵاتیان دەکرێت. کەچی لەم هەرێمی کوردستاندا هەموو شتێک پێچەوانەیە و هەموو کار و کردەوەکانی سەرانی میلیشایی بورجوازی کوردستان لەدەرەوەی خانەی داخوازی و داواکاریەکانی خەڵکی کوردستانە و دژی هەموو بەها ئەخلاقی و مرۆییەکانی تەواوی چین و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگای کوردستانە. سەرەڕای ئەوەش خەڵکی کوردستان هەمیشە زۆر نیگەرانی ئەوەن تاوەکو ئێستاش نازانێت پارە و سەروەت و سامان و داهاتی ئەو نەوتە چی لێ دەکرێت، چی بەسەر دێت و چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. بەڵام خەڵکی کوردستان ئێستاکە باش دەزانن و یەکلاییووەتەوە لەوەی کە ئەو نەوتەی خاکی کوردستان بە هچ شکڵ و شێوەیەک سوود و قازانجێکی بۆ هاووڵاتانی کوردستانی تێدا نییە بەغەیری بڵاوبوونەوەی ژەهر و نەهامەتیەکان و هیچ شتێکی تر نییە. ئەوەی کە زیاتر سوودمەند و براوەیە تەنها پاوان و کاربەدەستانی دەسەڵاتی میلشایی ناسیونالستی کوردستانە. خۆیان زۆر قەڵەون و ڕۆژانەش زیاتر و زیاتر قەڵەوتر دەبن لەسەر حسابی قووت و نانی سەر سفرەی بەتاڵی خەڵکی کوردستان. وەهەروەها خەڵکی هەرێمی کوردستان ئەو ڕاستییە باش دەزانن کە

بۆلاپەڕە 11

# بێخانەولانەیی، قەیرانی گەورەی خەڵکانی بێکار و کەمدەرامەت لە بەریتانیا...

## نووسینی: سالار حەمە سەعید

لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا لە پێنجەمین وڵاتی دەوڵەمەندی دونیادا خەڵکانێکی بێشومار لەسەر شەقامەکان دەژین ودەمرن. بەرزترین ڕێژەی هەژاری منالان لە بەریتانیادا لە لەندەن دا یە. گەر بەیانیان بە هەر یەک لە ئیستگاکانی قیتاری ژێرزەوی لەندەندا تێپەری ژمارەیەک کەس دەبینی کە لەسەر شەقامەکان خەوتوون وخۆیان بە دیواری ئیستگاکاندا نووساندوە، لە سەرمانا خۆیان مەڵآسداوە. ئەندام پەرلەمانەکانی وێست منستەر کە لە ئیستگای قیتاری وێستمنستەرەوە دێنە دەرێ و بەرەو پەرلەمان دەچن رۆژانە دیمەنی ئەو بێخانەولانانە دەبینن و بەلایاندا تێدەپەڕن. بەدەگمەن بوە کە وەزیری خەزانەداری پێشووی بەریتانیا جۆرج ئۆزبۆرن ئەو دیمەنانەی بەیانیانی ئیستگەکانی قیتاری نەبینی بێت. گشت لایەک دەزانێت کە بەرپرسیاریەتی سەرەکی ئەم بارو ڕەوشە دەکەوێتە ئەستۆی ئەوبڕیارانەی کە لەلایەن وەزیری خەزانەداری یەوە درا بۆ بڕین وکەمکردنەوەی پارەوپووڵ ویارمەتیەکان لەو کەم دەرامەت یا بێ دەرامەتانە. سەرژمێری کراوە کە ژمارەی بێخانەولانەکان لەناو شاری لەندەن دا لەساڵی ٢٠١٠وە دووبەرامبەر بووە. شارەوانیەکانی (دەسەڵاتداریێتی مەحەلی) ناوەوەی لەندەن لە سالی ٢٠١٠ ەوە بەردەوام لەسەدا ٤٠ بوودجەی حکومەتی مەرکەزی یان لێبڕدراوە کە تا دەیەیەک واتە تاکو ٢٠١٩یا ٢٠٢٠ بڕی ٣,٩ بلیۆن پاوەند لەدەست دەدەن. بڕینی ئەم بڕە پارانە بۆتە هۆی داخستنی خزمەتگوزاریەکانی لاوان، سێنتەری منالان، کتێبخانەکان، وە سێنتەری چاودێری (دەی سێنتەر). جگە لە بێخانەولانەیی، دیاردەی شەڕەچەقۆ کە دیاردەیەکی بەرچاوە لەشاری لەندەندا دەگەڕێنرێتەوە بۆ کەمکردنەوە یابڕینی خزمەتگوزارییەکان هەرچەندە بەرپرسی باڵای پۆلیس دەڵێت کە ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ کەمکردنەوەی بودجەی پۆلیس. کەمتر لە یەک مانگ دا ١٤ کەسی گەنج ولاو لە لەندەن بە چەقۆ کوژراوە. بۆ کەسانێک کە دەرامەتیان زۆر کەمە ژیان و گوزەران سەختتر بووە لە لەندەن. بۆ نموونە سەرژمێری کراوە کە ئەوکەسانەی لەسەر بانقی خواردن دەژین تەنها لە لەندەن بە ڕێژەی لەسەدا ١٦٤٢ زیادی کردوە، بانقی خواردن شوێنێکە تایبەت بە وەرگرتنی خواردەمەنی بۆ ئەوکەسانەی باروزرووفیان زۆر خراپە وپێویستییان بە خواردن هەیە و پەنادەبەنە بەر ئەم شوێنە تایبەتانە کە وەک بانقی خواردن (بانک فوود) ناودەبرێن. ئەمەش بەرهەمی ڕاستەوخۆی سیاسەتی بڕینی یارمەتی وکۆمەکەکانی دەوڵەتە بە کەم دەرامەتان وبێکاران و سیاسەتی تاقەت پڕووکێنی تەقەشووفی (ئۆستێرتی) حکومەتی موحافزینە. ئۆزبۆرنی وەزیری خەزانەداری پێشوو بڕیاری بڕینی ٣ بلیۆن پاوەندی دەرکرد لە بڕە پارەیەک کە جاران دەدرا بە کرێکاران وەک کۆمەک ویارمەتیەک پێیان تا ئەوکاتەی یارمەتیەکانیان لێ دەبردرێ کە پێی دەوترێ (کۆمەکی کارکردن). کەئەم بڕینی یارمەتیە ئەگەرچی هی ماوەیەکی دیاریکراو وکورتە بەڵام کاریگەری هەیە وداناوە لەسەر ژیانی خەڵکی کرێکاردا. پەیمانگای توێژینەوەی دارایی هۆشداری دەدات کە بڕینی کۆمەک ویارمەتییەکان بەوکەسانەی کەکاردەکەن ودەرامەتیان کەمە وکەپێ ی دەوترێ (چایەڵد تاکس کرێدت) هەروەها بڕینی کۆمەک ومەزایای تری کەم دەرامەتان دەبێتە هۆی ئەوەی کە نزیکەی ٣ ملیۆن خەلکی بێ دەرامەت یا کەم دەرامەت داهات و پارە وکۆمەکی سالانەیان بەبڕی ٢٥٠٠ پاوەند کەم دەکات. ڕێکخراوێکی خێرخوازی بەناوی (گرووپی چایەلد پۆڤێرتی ئەکشن/ گرووپی ئەکسیۆنی هەژاری منالً) دەڵێت: لەندەن بەرزترین ڕێژەی هەژاری منالی تێدایە لەم وڵاتەدا و ئەمە ڕیسواییەکی سەراسەرییە. خەڵک زۆر بەلایانەوە دژوارە کە کرێ ی خانووەکەیان بدەن، لە خەرجی پێویستییەکانی رۆژانەیان دەگرنەوە تاکو بتوانن کرێ ی ماڵەکانیان بدەن بەشێوەیەکی ڕێک وپێک. زۆربەی هە ژاری ونەداری منالان دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتەکانی حکومەتی کۆنسێرڤەتیڤ (موحافزین) لە نێوان ساڵەکانی ٢٠١٠ تا ٢٠١٦ . لە نیشانەکانی قەیرانی خانووبەرەو جێگەوڕێگە بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێ خانەولانەکانە لەسەر جادەکاندا بەڕێژەی لەسەدا ١٣٠ لەتەواوی بەریتانیادا. ئەمەش بەرەنجامی کەمکردنەوەو سنووردارکردنی یارمەتیەکانی لەمەر خانووبەرەو جێگەوڕێگەیە بۆ ئەوکەسانەی کە کەم دەرامەت و بێکارن. خیزانێک وەک نموونە دێنمەوە لێرەدا کاتێ لە گەڕەکی (نیوهام )ی رۆژهەلاتی لەندەن دەژیان. بەڵام لەماڵەکەیان دەرکران لەبەرئەوەی نەیانتوانی کرێی خانووەکە بدەن لەبەرئەوەی ئەو یارمەتیانەی دەدرا بۆ کرێی خانووەکەیان بەشی تەواوی کرێ کەی نەدەکرد ناچار چوون لە ١٨میل دوور لەوشوێنە نیشتەجێ بوون لە ناوچەی (ئیسێکس) لە دەرەوەی لەندەن هەتتا دەرەوەی لەندەن یش نەدەکرا پارەی کرێ ی خانووەکەی بدرێ لەبەرگرانی کرێ ی خانوو. ژنەکە ناچاربوو وازلەئیشەکەی بهێنێ کەکاری دەکرد وەک چاوەدێریوانی نانخواردنی نیوەروان لە قوتابخانە بەهۆی ئەو گوێزانەوەیە. وە ناچاربوو کە کچە ١١ ساڵانەکەی بەجێ بهێڵێ لای دایکی خۆی لەبەرقوتابخانەکەی لە نیوهام لەلەندەن تابەردەوام بێت لەقوتابخانەکەی. وە مێردەکەی کە کرێکاری رافیعە بوو وازی لێهێنا ماناکەی ئەوەبوو کە خۆی بەتەنیا بژی بەو پێ یە تەنها دەیتوانی ٧ پاوەند لە هەفتەیەک گل بداتەوە بۆ ئەوەی باقی کرێ خانوەکەی پێ بدات وە لەبەرئەوەی کرێ ی خانووەکە زۆر بوو وە خۆی دەبوا ئەوەی کە دەوڵەت بۆی دەدات لەگەڵ کرێ خانووەکە جیاوازییەکی زۆری بوو وە ئەویش نەیدەتوانی ئەوپارەیە بدات ناچار دەرکرا وپێی وترا کەدەبێ بچێت بۆ ناوەندی ئینگلتەرا تاکو نیشتەجێ بێت چونکە لەوێ کرێی خانوو هەرزانترە. هەزاران لەخەڵکی لەندەن ئەو چارەنووسەیان بووە وە ناچاربوون چوونەتە شوێنی زۆر دوور لە زادگا وقوتابخانەی منالەکانیان بەهۆی نەداری و کەمدەرامەتیان.

NRT گۆشەی لەگەڵ

**بەرنامەی دووجار بیر بکەرەوە بە رنامەیەکی هەفتانەی کەناڵی ئێن ئارتی یە، کە هەرجارە بابەتێک هەڵدەبژێرێت و چەند کەسێک بانگهێشتی بەرنامەکە دەکەن... دیارە زۆر دەگمەن کەسانی چەپ و کۆمۆنیست، یان بێلایەن لەم بەرنامەیدا بەشداری دەکەن... بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییە، ئێمە لەهەر ژمارەیەکی بۆ پێشەوەدا، بەشداری یەکێک لە تەوەرە گرنگەکانی بەرنامەکە دەکەین... تا کۆمەڵگا بە بۆچوون و دیدی تر ئاشنا بکەین...**

**لەم ژمارەیەدا وەڵامی ئەم پرسیارەی خوارەوە دەدەینەوە، تەوەرەی بەرواری ٢٣/٥/٢٠١٧**

# ئایا ڕێکەوتنی سیاسی گۆران و یەکێتی جیبەجێدەکرێت؟

**ئەم گۆشەیە عەبدوڵا مەحمود دەینووسێت**

ڕێکەوتنی یەکێتی و گۆرانساڵیادی تێپەراند و بەندێکی لێ جێبەجێنەکرا... ڕێکەوتنی یەکێتی و بزوتنەوەی گۆران کە بەمەبەستی پێشگیری بە زۆری پارتی و بەدوای کلۆم دانی دەرگای پەرلەمان وناردنەوەی وەزیرەکانی گۆران و قوڵبوونەوەی ناکۆکی ناو باڵەکانی تەلاری ڕێکخراوەیی یەکێتیدا، پێک هات... لەلایەکەوە پەردەیەکی دا بە ناکۆکی ناوخۆیی یەکێتی یان باشتر بڵێین خاوکردنەوەی ناکۆکییە ناوخۆیەکانی، لەلایەکی تریشەوە کارادانەوەی گۆران بوو بەرامبەر بە مامەڵەی پارتی لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان و دەرکردنی وەزیرەکانیان...

ئێستا زیاتر لە ساڵێکە ئەم ڕێکەوتننامەیە کە بە ئامادەبوونی نەوشیروان مستەفا و هێنانی تاڵەبانی بۆ مەراسیمەکە، ئیمزاکرا، بەهەڵپەسێردراوی ماوەتەوە. بزوتنەوەی گۆران یەکێتی و بە دیاریکراوی بەشێک لە سەرکردایەتی یەکێتی بە هۆکاری جێبەجێ نەبوونی ڕێکەوتننامەکە تۆمەتبار دەکات و یەکیتیش پاساوی جۆروا جۆر و لەوانەش کارا نەبوونی پەرلەمان دەکەنە بیانوو بۆ نەچوونە پێشەوەی ریکەوتننامەکەو جێبەجێ نەبوونی بەندەکانی.

بەر لەهەموو شت دەبێ ئەوە بڵێم کە هەرچی ڕێکەوتننامە هەیە، ئەگەر لەکەشی پاشەکشەی ئەو لایەنانە، یان وەکو کاردانەوە لەبەرامبەر بە هێزی تر پێک بێت، هەم ڕێکەوتنێکی لاوازو هەم ئەگەری چوونەپێشەوەی خاو یان چەقبەستوو دەبێت.

ڕێکەوتنی بزوتنەوەی گۆران و یەکێتی لەهەلومەرجێکدا پێکهات، کە یەکیتی نیشتیمانی کوردستان لە ئاکامی قوڵبونەوەی ناکۆکییە ناوخۆیەکانی دابەشی دوو باڵی" ناوەندی بڕیارو زۆرینەی مەکتەبی سیاسی" ببوو، ئەم دابەش بوونە بە شوینێک گەیشتبوو کە مەکتەبی سیاسی نەیدەتوانی کۆبونەوەی ئاسایی خۆی بکات و سەرۆکی باڵەکان بەیەکەوە دابنیشن. بزوتنەوەی گۆرانیش بەجیا لەپاشەکشەی بەردەوامی بەهۆی بەشداری لە حکومەتی دزو تالانچی بنکەفروان. بەهۆی داخستنی پەرلەمان و ڕێگەگرتن لەسەرۆکەکەی و کلۆم دانی دەرگای پەرلەمان و ناردنەوەی وەزیرەکانی گۆران بۆ ماڵەوە، کەوتبووە نێو کەشێکی شکست خواردوو. هاوکات نەبوونی وەڵامێکی کارساز بە زێدەڕەویەکانی پارتی، هێندەی تر بزوتنەوەی گۆرانی تەنگەتاو کردبوو.

گۆران ویستی لەرێگای ئەو ڕێکەوتننامەیەوە، وەڵامێک بە دۆخی ناوخۆیی، خۆی بداتەوە و ئەو پاشەکشەیەی دەستی پێکردبوو، رابگرێت و هاوکاتیش پارتی لەکاردانەوەی خۆی ئاگاداربکاتەوە. یەکێتی نیشتیمانیش کە رۆڵێکی دیاری لە حکومەتەکەی هەولێر و بریارە چارەنووسازەکانی کوردستاندا نییە، وە بەدەست کێشەی ململانێی نێوان باڵەکانی ناوخۆیەوە گرفتار و هاوکات دەستەپاچە بوو، دەستبردن بۆئەم ڕێکەوتننامەی هەم وەکو نارەزایەتی دەربرین بەرامبەر بەبێ بەشی خۆی و لە حکومەت و بریاری سیاسی، بە پارتی نیشان بدات و هەمیش لەو ڕێگایەوە دۆخی ناوخۆی بەرەو ئارام بوونەوە یان داپۆشینی قڵشتەکانی ببات.

ئەم ڕێکەوتننامەیە لەهیچ لە ئامانجەکانیدا سەرکەوتوو نەبوو، هەر بۆیەش بە شوینێک نەگەیشت. ئامانجی ئەم ڕێکەوتنە لە بنەرەتدا هەولێکی پێشگیرانە بوو بە زیدەرۆیەکانی پارتی و دانانی سنورێک بۆی. بەڵام نەیتوانی بەشوێنێک بگات، هۆکاری سەرەکی ئەوەش ئەوەیە کە ڕێکەوتننامەکە لە نیوان دوو هیزی سیاسی سەر بەیەک زونی دیاریکراوەو کاریگەری لەسەر زونی دەسەڵاتی فراوانی پارتی و زەرد، زۆر لاوەکی و لاوازە. بۆیە ئەم ڕێکەوتننامەیە زۆرتر دەتوانێ کاریگەری لەسەر گۆرینی باڵانسی هێزی سیاسی و جەماوەری نێوان گۆران و یەکێتی هەبێت لە زونی سەوزدا. بۆیە هەر دوولا لەئاکامی بێکاریگەری ڕێکەوتننامەکەیان لەسەر پارتی، ناچارن بە هۆشیارییەوە بڕوانە ڕێکەوتننامەکەو کاریگەرییەکانی لەسەر جەماوەری خۆیان لە زونی سەوزدا.

بۆ یەکێتی نیشتیمانی کە خاوەنی هێزی چەکداری و دەسەڵات و دەزگا ئەمنیەکان و پاوانی داهاتی زونی سەوزی لەبەردەستە، نەک بە ئاسانی ئامادەنییە دەست بەرداری قەڵەمرەوی سیاسی و پێگەی سیاسی خۆی بێت، بەڵکو هەر هەوڵ و ڕێکەوتننامە و نەخشەیەک ئەو بەرەو لاوازی پەلکێشی بکات، بە پشتیوانی زۆری هێزو چەک و دراوی دزراوی خەڵکی کوردستان و بەرەو رووی دەبێتەوە. چۆن لەسەر ئاستی کوردستاندا، هاوسەنگی هێز و دەستاو دەستکردنی دەسەڵات لە ڕێگای هەڵبژاردنەکانەوە مەیسەر نابێت، ئاواش گۆرینی باڵانسی هێز و دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە نیوان دوو هیزی سەرەکیدا لەیەک زونیشدا لە ڕێگای ڕیکەوتننامەو هەڵبژاردنەکانەوە، بەشوێنێک ناگات. لەوانەیە پرسی پۆستی پارێزگای سلیمانی باشترین نموونە بێت، بە نیشاندانی ئەم راستیە.

جگە لەوانەش باڵ و بەشێکی زۆر لەسەرکرادیەتی یەکێتی نیشتیمانی، بەهۆی وابەستەبوونی بازرگانی و بوونی سەفقەی ئابوریان لەگەڵ پارتیدا، ئامادەنین بە جێبەجێکردنی ڕیکەوتننامەیەک کە لەتمە لەو بەرژەوەندیانەیان بدات، بۆیە بەهەموو شێوەیەک ڕێگری دەکەن لەوەی هیچ ڕێکەوتنێک بچیتە بوار کردارییەوە کە بەرژوەندیەکانیان، لەق بکات.

دیارە لە ئێستادا، کە نەوشیروان مستەفا نەماوە باڵانسی هێز بەقازانجی یەکێتیە و مامەڵە لەگەڵ ڕێکەوتننامەکە، زۆر زۆرتر لە پێشوو لەدەستی یەکێتیدایە، بەڵام یەکێتی لە هەلومەرجی ئێستادا بەهیچ جۆرێک مل بەهیچ کام لە جێ بەجێکردنی بەندێکی جدی نادات و لەوەش واوەتر بەدوای ئەوەوەیە جەماوەری گۆرانی دوای نەوشیروان بۆخۆی پەلکیش بکات. ئەوەی کە کۆسپە یەکێتی بتوانێت بە خێرایی ئەو کارە بکات، دۆخی ناوخۆیی خۆیەتی، کە برستی هەر هەنگاوێکی کاریگەری لێبریووە...

دیارە حزبی گۆران، کەپەیوەندی لەگەڵ پارتی لەگرژیدایە، لەگەڵ ئیسلامیەکان، کیشەی تیکەوتووە، زۆر پیویستی بەوەیە لەگەڵ هیزێک بەتایبەتیش یەکێتی نزیکایەتی هەبێت و لەو تەریکیەی رزگاری بێت. یەکێتی کە ئەم دۆخەی گۆران دەبینێت، قورستر مامەڵە لەگەڵ گۆران و هەوڵ بۆ نزیک بوونەوە لەگەڵی دەدات. بەتایبەتیش یەکێتی باس پارتی دەناسێت و دەزانێت هەر نزیک بوونەوەیەک کە سنور بڕ بێت لەگەڵ تەماحەکانی پارتی، یەکێتی دەخاتە هەلومەرجێکی نادڵخواز لەگەڵ پارتیدا، بۆیە یەکێتی ناچارە باڵانسیک لە نێوان گۆران و پارتیدا رابگرێت. خودی ئەمەش کۆسپێکی تری بەردەم بن بەست بوونی ڕێکەوتتنامەی نیوان یەکیتی و گۆڕانە.

خاڵێکی تر ئەوەیە، ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین خودی ڕێکەوتتنامەکەی گۆران و یەکێتی، بەهەموو بەندو خاڵەکانیەکانیەوە جێ بەجێبکرێت، ئەگەر پارتی نەبێتە بەشیک لەو ڕێکەوتتنامەیە، هیچ گۆرانێکی بەرجەستە و هیچ کاریگەریەکی بەرچاو لەسەر دۆخی هەریم دروست ناکات و ئەمەش ریسی ئامانجەکانی ڕێکەوتننامەکە دەکاتەوە بەخوری.



بۆیە چاوەروانی لەوەی ئەم ڕێکەوتننامەیە جیبەجیبکرێت، چاوەروانیەکی بێهودەیە، هەروەها هیندەی بەخەڵکی کوردستان دەگەڕێتەوە، نەئەم ڕێکەوتتنامەیەو نەهیچ ڕێکەوتننامەیەکی نێوان حزبە بۆرژوازییەکانی ناو خانەوادەی بۆرژوازی کورد، ناتوانێ کۆمەک بە باش بوونی ژیان و گۆزەران و ئایندەی سیاسیان بکات... ئەم ڕێکەوتننامانە لە ژێر ناوی بەرژەوەندیەکانی خەڵکیدا دەکرێن، بەڵام راستی ئەوەیە ئەم ڕێککەوتن و لیک نزیکبوونەوانە، تەنها لە پێناوی بەرژەوەندی حزبی خۆیاندا دەکەن و دوورو نزیک ناتوانێت کۆمەک بە ویست و خواستەکانی خەڵکی کوردستان بکات.. لە ٢٦ ساڵی رابردودا چەند دەرزەن کۆبونەوەو ڕێکەوتنی دوو قۆڵی و سێ قۆڵی و پینج قۆڵی و لوتکە، کراون بەڵام ئاکامەکەی بۆ خەڵکی کوردستان ئەو رۆژ رەشی و بێکاریی و هەژاریی و بێ ئایندەییە کە یەخەگیری جەماوەری کوردستانە... بۆیە خەڵکی کوردستانیش نابێ هیچ چاوەروانیەکیان لەم ڕێکەوتتنامانە هەبێت و دەبێ خۆیان بۆ کەنار خستنی ئەو حزبانەو لە پێشیانەوە بۆ راماڵینی حزبە دەسەڵات بەدەستەکان ئامادەبکەن... ئایندەی باش و ژیانی ئازاد و خۆشگوزەرانی و گێرانەوەی شکۆ و شکۆفایی ئینسانی کورد، لە گرەوی کۆتایی هێنان بەو دەسەڵاتەو حزبەکانی تری بۆرژوزی کورد دایە...

**کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!**
**بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ روبەروبونەوەی فکر و راگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو رەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی..بڵندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری راستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێک کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەک وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەک و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی... بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سیبەریان، دەیانەوێ بەلاری، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو راستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تاڵانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەوڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی رۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنیەکان... بە ئێمە بگەیەنن... bopeshawa@gmail.com / ماڵپەری بۆپێشەوە /**
**www.bopehsawa.net**

# دیمانە لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد سەبارەت بە پرسی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان

## سازدانی: جەمال موحسن



**دیدگای سۆشیالیستی:** هەر تاو نا تاوێک بارزانی ڕایئەگەیەنێت کە ئەیانەوێت ڕیفراندۆم لە کوردستاندا ساز بکەن و ئەمجارەش دیسان لە هەلومەرجی تازەی کوردستان، بەرەو کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی داعش، گەرمبوونەوەی کێشمەکێش لە کەرکوک و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان (هەرچەندە دواتر بە خشکەیی داگیرا)، هەمان بانگەواز دەستی پێ کردۆتەوە. لیژنەی هاوبەشی مەکتەب سیاسیان سەردانی لایەنەکان ئەکەن و لیژنەی ڕیفراندۆم و بەرپرسی بۆ دائەنێن و  تاد. ئێمە ئەمانەوێ تاوتوێیەکی هەمەلایەنەی ئەم مەسەلەیە بکەین و چەند پرسیارێک بورووژێنین.
تۆ لە بابەتێکت لەژێر ناوی (دیسانەوە هاشوهوشی ڕیفراندۆم) دا کۆمەڵێک لایەنی سیاسەتەکانی پارتیت لە پشت تەرحی ڕیفراندۆمەوە باس کردووە. بەڵام هێشتا پێویست ئەکات زیاتر لەسەر ئەم مەسەلەیە ڕابوەستین. تۆ لەوێ باس لەوە ئەکەیت کە ئەم سیاسەتەی پارتی جدیەتی تیا نییە بەرەو سەربەخۆیی کوردستاان، بەڵام ئایا بە بڕوای ئێوە پارتی، وەک نوێنەرایەتیەکی بنەڕەتی بۆرژوازی کورد، بە ڕاستی بە شوێن دروستکردن یان پێکهێنانی دەوڵەتەوە نییە لە کوردستاندا؟ بۆرژوازی کورد وەک چینێک پێویستی بە دەوڵەتسازی و قەوارەدان بە پرۆسەی کەڵەکەی سەرمایە لە چوارچێوەی وڵاتێکی ڕەسمی و یاسایی لە ڕووی نێودەوڵەتی نییە؟

**ڕێبوار ئەحمەد:** سەرەتا ئەوە بڵێم کە لە ڕاستیدا پێویستە هەر کاتێک ئەحزابی ناسیۆنایستی کوردی بە تیابەتیش پارتی و بارزانی باسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی دەوروژێنن، ئەو سیاسەت و بانگەشەیەیان لە پەیوەند بەو هەلومەرجە دیاریکراوەوە لێکبدرێتەوە بۆ ئەوەی سیاسەت ومەرامی ڕاستەقینەی پشتی وروژاندنی ئەو پرسە لەو هەلومەرجەدا ڕوونبێتەوە. بە بڕوای من جدی بون یان جدی نەبوون ڕەنگە پێناسەیەکی ورد نەبێت بۆ سیاسەتێک کە ئەم پرسەی وروژاندوە. ناکرێت بڵێین بورژوازی کورد بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ دەولەتسازی و بە وتەی خۆیان پێکهێنانی دەوڵەتی کوردیدا نییە. دروستر وایە کە بڵێین بۆرژوا ناسیۆنالیستی کوردی بە دوای بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی خۆیەوەیە نەک چارەسەری کێشەیەک کە ناوی کێشەی کوردە. بە مانایەکی تر بورژوازی کورد ئەم کێشەیەی کردوە بە دەستمایەیەک بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازاتێکی سیاسی و ئابوری بۆ خۆی. سەردەمێک ناوەڕۆکی کێشەی کورد بریتی بوو لە ستەمی میللی بە دڕندانەترین شێوە لەسەر خەڵکی کوردزمان. ئەم کێشەیە لە دوای ڕاپەرینی ١٩٩١ ەوە بە جۆرێک گۆڕانی بەسەرهات، واتە بەشێکی زۆری هاوڵاتیانی کوردزمان و ناوچە کوردنشینەکان لەژێر ڕکێفی دەوڵەتی ڕەگەزپەرست و فاشیستی بەعس هاتەدەرەوە و بورژوازی کورد کۆمەڵێک ئیمتیازاتی بەدەستهێنا. دواتریش دوای داگیرکرنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لە ساڵی ٢٠٠٣دا بە تەواوی ناوەڕۆکەکەی گۆڕا، ئیتر مەسەلەی کورد مەسەلەی ستەمی میللی لەسەر خەڵکی کوردستان نییە و ئەو ستەمە کۆتایی هاتووە. ئێستا ناوەڕۆکی ئەو مەسەلەیە بریتیە لەو هەلومەرجە دژوارەی کە سیاسەت و کارکردی دەوڵەتە مەرکەزیەکانی عێراق و هەردوو ناسیۆنالیزمی کورد و عەرەب دۆخیکی ئەوەندە پڕ لە کێشە و ڕق و کینە و ناکۆکیان دروست کردووە و قڵشت و دووبەرەکیەکی ئەوەندە قوڵ و کۆنەرستەنەیان لە نێوان خەڵکانی کوردزمان و عەرەبزماندا پێکهێناوە کە تازە پێکەوە ژیانی ئەو خەڵکانە لە چوارچێوەی یەک وڵات و یەک دەوڵەتدا، بە تایبەتیش کە ئەو دەوڵەتە ناسنامەی عەرەبی و ئیسلامی هەڵگرتوە، زۆر سەخت و دژوارو پڕدەردەسەریە.
ئەوە ئاشکراو بەرجەستەیە لە سیاسەت و دروشم و پڕوپاگەندی فراوانی ناسیۆنالستی کوردیدا، تا کاتێک ناوەڕۆکی ئەم کێشەیە بریتی بوو لە ستەمی میللی لەسەر خەڵکی کوردزمان، ئەوان ئامانجی ڕاشکاو و پێناسەکراو و بەرنامە بۆ داڕێژراویان بریتی بوو لە شەریکبونەوە لە دەسەڵاتی سیاسی عێراق و بە دیاریکراوی خوازیاری ئۆتۆنۆمی بووون.
دوای ئەو هاوسەنگیەی کە بە ڕاپەڕینی ئازار هاتەکایەوە، لەگەڵ سوێندخواردنی هەموو ڕۆژەی سەرانی ناسیۆنالیستە کوردەکان بە پێویستی و پیرۆزی یەکپارچەیی خاکی عێراق، ئەوان ئامانج و دروشمی خۆیان گۆڕی بۆ فیدراڵیزم بەو مانایەی گوایە ئەمە هەنگاوێک لە پێشترە لە ئۆتۆنۆمی. کە بەبڕوای من جیاوازیەکی ئەتۆیان نییە و بە تایبەت لە ڕووی قەومی بونیەوە زۆر کۆنەپەرستانەیە. دوای داگیرکرنی عێراق لەلایەن ئەمریکا و ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە، ئەوان لەو هاوسەنگیە تازەیەدا بە مەرام و ئامانجی ڕاگەیەنراوی خۆیان گەیشتن و بون بە خاوەن ئەو فیدراڵیزمەی کە ساڵەهابوو خەویان پێوەدەبینی و دروشمیان بۆی دەدا. تەجروبەی فیدراڵیزمی قەومی کە جگە لە قۆناغێکی تر لە جۆرەها گرفت و کێشە و بێدەرەتانی بۆ خەڵک، هیچ دەسکەوتێکی بۆ خەڵکی کوردستان نەبوو. گشت ئەو پرۆسەیەی ناسیۆنالیزمی کورد بە ئاقاری ئامانجەکانی خۆی کە شەریکبونەوە بوو لە دەسەڵات و سامان، هیچ کات نەک دەسکەوتێکی بۆخەڵک تیا نەبوو بەڵکو بە کردەوە دەرکەوت کە بەرژەوەندی خەڵک و بورژوا ناسیۆنالیستی کورد وەکو دوو هێڵی تەریب وان کە هەرگیز بە یەک ناگەن.
بەڵام هێشتا ئەمە خود بە خود ناتوانێ بمانگەیەنێ بەو ئەنجامەی کە دامەزراندنی دەوڵەتی قەومی کوردی ئامانجێکی بورژوازی کورد نیە. بەڵکو ئەو ڕاستیە نیشاندەدات کە بورژوا ناسیۆنالیستی کورد لە ڕوانگەی بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری خۆیەوە لەهەر سەردەمێکدا چاو لەم مەسەلەیە دەکات. بۆ نمونە ئەو بەشە دەسەڵاتە و ئەو سامانە زۆرەی لە ٢٠٠٣ تا ٢٠١٣ دەڕژایە دەستی بورژوازی کوردەوە ئەوەندە ئەوانی سەرمەست دەکرد کە جەلال تاڵەبانی بە دەمی خۆی ڕوون و ڕاشکاو بڵێ "دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی تەنها خەونێکە". لە جێگاو هەلومەرجێکیشدا ڕەنگە ئامانجە سیاسی و ئابوریەکانی خۆیان لە دامەراندنی دەوڵەتی سەربەخۆدا خۆی ببینێتەوە. بەڵام یەک ڕاستی حاشاهەڵنەگر هەیە کە ئەم هێزە ناسیۆنالیستە کوردانە زۆر لەوە دەستەمۆ و پاشکۆ و لە ڕاستیدا عەمیلترن کە بتوانن سەربەخۆ لەو دەوڵەت و بلۆکانەی خۆیان لەگەڵیان گرێداوە بڕیارێکی وەها چارەنوسساز و جەسورانە بدەن. هەروەها بەراستی ناسیۆنالیزمی کورد زۆر لەوە بودەڵەتر و ناکارامەترە کە جەسورانە بەرەنگاری تەحەدیاتەکانی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بێتەوە، مەگەر ئەوەی چۆن سەردەمی جەنگی خەلیجی ١٩٩١ لە ئاسمانەوە دەسەڵاتی خستە باوشیانەوە، دیسان هەلومەرجێک بێتپێشەوە و دەوڵەتی سەربەخۆش بخاتە باوشیانەوە. بێگومان دامەزاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ گرفت و تەحەدیات و سەختی ودژواری خۆی هەیە، مەسەلەی گوشارەکانی دەوڵەتی مەرکەزی عێراق و دنیای عەرەب، ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، هەڵوێست و کاردانەوەی دەوڵەتانی ناوچەکە و جیهان، چۆنیەتی دابینکردنی گوزەرانی خەڵک لەسەر حسابی پارە عەمبار کراوەکانی خۆیان و پێکهاتنی بەرتەسکی لەبەردەم تاڵان و بڕۆی ئێستایان بە سامان و داهاتی کوردستانەوە ..هتد. بە کورتی نە ئۆتۆنۆمی و نە فیدراڵیزمی شکستخواردو و نە دەوڵەتی سەربەخۆ لە ڕوانگەی بورڕژوا ناسیۆنالیستی کوردەوە هیچ پەیوەندیەکی بە ئاوات و ئامانجە ئازادیخوازەکانی خەڵکی کوردستانەوە نییە.
مەسەلەیەکی تر هەیە کە بەڕاستی زۆر گرنگە لە بارەی ئەوەی کە ئەوان دەوڵەتیان دەوێ یان نا؟ ئەویش ئەوەیە کە ئەوان لەم دۆخەی ئێستادا بە جۆرێک سودمەندن هەم لە ڕووی ئابوری و هەم لە ڕووی سیاسیەوە، کە زۆر دیار نییە ئەگەر کوردستان ببێتە دەوڵەتی سەربەخۆ ئەم سەڵتەنەتەی ئێستایان لێ تێک نەچێت. لە ڕووی سیاسیەوە کوردستانیان کردوە بە دوو زۆنی سەوز و زەرد و هەرکامیان لەگەڵ کۆمەڵێک حزب و تاقمی دەستەمۆ و شاگرددا، خۆیان بکوژو ببڕی هەریەک لەم ناوچانەن، سەروەت و سامانێکی خەیاڵی کە بە تریلیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت بە تاڵان دەبەن، لەبەرامبەر ژیان و گوزەران و پێداویستی و خزمەتگوزاریە هەرە سەرەتاییەکانی خەڵکدا هیچ بەرپرسیارێتیەک لە ئەستۆ ناگرن. بەهانەی هەرە سەرەکیشیان ئەوەیە کە حکومەتی بەغدا پابەندی یاسا و دەستور و ڕێککەوتنامەکان نابێت. بەڵام کاتێک کوردستان ببێت بە دەوڵەت ئیتر ئەم دۆخەیان لێ دەشێوێ، دەبێ وەڵامی سەد و یەک خواست و پێویستی ژیانی خەڵک و مافەکانیان بدەنەوە، ئیتر بەهانەی پابەند نەبونی حکومەتی مەرکەزیش بە دەستەوە نامێنێ. بەهەرحاڵ هەموو ئەم ڕونکردنەوانەم بۆ ئەوەیە کە بڵێم بەڕای من ئەوە حوکمێکی دەقیق نییە کە بڵێین ناسیۆنالیزمی کورد و بارزانی "جدی نین" لە پێکهێنانی دەوڵەت بە شێوەیەکی گشتی، ڕەنگە لە زۆر هەلومەرجدا لە بەرژەوەندیان نەبێت ئەم کارە بکەن بەڵام ئەمە ناتوانێ حوکمێکی گشتی و بنەڕەتی بێت. بەڵام لانی کەم ئەمجارە خۆیان ڕاشکاوانە دەڵێن ئەنجامدانی ریفراندۆم مانای ئەوە نییە کە بە کردەوە بۆ ئەوە بێت کوردستان جیابێتەوە و دەوڵەتی سەربەخۆ دروست بکرێت.
دەربارەی ئەوە کە پرسیتان ئایا بۆرژوازی کورد وەک چینێک پێویستی بە دەوڵەتسازی و قەوارەدان بە پرۆسەی کەڵەکەی سەرمایە لە چوارچێوەی وڵاتێکی ڕەسمی و یاسایی لە ڕووی نێودەوڵەتی نییە؟ من دەڵێم ئەگەر ئەمە هۆکار بێت، ئەوە دەمێکە پرۆسەی دەوەران و کەڵەکەی سەرمایە ئەو سنورە کلاسیکیەی تیپەڕاندوە کە بەند بێت بە دامەزراندنی دەوڵەتی میللی و بازاڕی یەکگرتووی میلیەوە، لە سەردەمێکدا کە گلۆبالیزەیشن هەموو دنیای کردوە بە یەک شار و بازاڕێکی یەکگرتوی جیهانی، ئیتر بورژوازی کورد بۆ دەوەران و کەڵەکەی سەرمایە لەسەر بازاری میللی پەکی نەکەوتووە. ئەگەر هەلومەرجی ئاسایشی سەرمایە ڕێگا بدات هەم کوردستان و هەم هەموو گۆشەیەکی ئەم دنیایە دەتوانی مەیدانی سەرمایەگوزاری بێت هەم بۆ سەرمایەداری کورد و هەم بۆ سەرمایە و سەرمایەداری دەرەکی. لەم بارەیەوە ئەوەی گرنگە دابینکردنی ئاسایشی سەرمایەیە تا بەبێ دەوڵەتی سەربەخۆش سەرمایەی دنیا بڕژێتە کوردستانەوە و لە هەلومەرجی کاری هەرزان کەڵک وەرگرێ بۆ قازانجی بە لێشاو. مەسەلەی بنەڕەتی بۆ سەرمایە قازانجی زیاترە، ئێستا لە چین بە تێچویەکی هەرزانتر کڵاشی هەورامی دروست دەکرێت، ئەگەر لە کوردستان لە پاڵ کاری هەرزانەوە ئاسایش بۆ سەرمایە هەبێت، دەکرێت بەشێک لە ڤاڵڤۆی سویدیش لە کوردستان دروست بکرێت. ڕاستە سەرمایە تاڵانی دەکات و خوێنی کرێکار دەمژێ و هەموو شتێک دەخاتە پێناو قازانجەوە، بەڵام هەموو ئەمانە بە یاسا و ڕێسا دەکات. لە جێگایەک کە سەرمایە ئاسایشی تەواوی هەیە، لەسەر دەستدرێژکردنی منداڵێکی برسی بۆ تاقە بسکیتێک یان پارچە شیرینیەک کە لە پێشدا پارەکەی نەدابێت و بەم مانایە موڵکی تایبەتی کەسێکی ترە، پێی پۆلیس و دادگا و سزا و زیندان دێتە ناوەوە. ئەوە ئەمنیەت نییە بۆ سەرمایە کە هەرکەس نازناو و پاشگری تاڵەبانی یان بارزانی بە ناوەکەیەوە بێت، سندوقی ئۆتۆمبیلەکەی لە داهاتی کۆمپانیایەک پڕ دەکات و دەڕوات و کەس ناتوانێ بڵێ بەری چاوت برۆیە. جگە لە شەڕ و نا ئەمنی گشتی ئەمە هۆکاری ئەوەیە کە سەرمایە ڕوودەکاتە کۆریا و

تایوان و مالیزیا و چین بەڵام روو ناکاتە کوردستان. لانی کەم من لەم سەردەمەدا ئەوەی ئێوە باستان کرد بە فاکتۆرێکی کاریگەر بە مانا کلاسیکیەکەی نازانم.

پێشتر وتم تا ئێستا لەهەر قۆناغێکدا کە ئەم حزبانە کەوتونەتە دەهۆڵ کوتان بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی، لە راستیدا هیچ کات مەرامە راستەقینەکەیان سەربەخۆیی نەبووە، بەڵکو هەر جارەی لە پێناو بردنەپێشی سیاسەت و گەیشتن بە ئامانجێکی تردا ئەم دەهۆڵەیان کوتاوە و یارییان بە هەستی خەڵک کردوە و هێزی خەڵکیان لە دەوری خۆیان هەڵخڕاندوە. لە بارەی ورووژاندنی ئەم مەسەلەیە لەم بارودۆخە تایبەتەی ئێستادا لەو ووتارەدا کە ئاماژەت بۆ کرد بۆچونی خۆم باسکردوە بۆیە دوبارەیان ناکەمەوە.

**دیدگای سۆشیالیستی:** جیاوازی ئەم ڕیفراندۆمە لەگەڵ ئەوەی کە کۆمۆنیستەکان پێشتر وتوویانە و ئەیڵێین چییە؟ ئایا سەربەخۆیی کوردستان کە کۆمۆنیستەکان بانگەواز و کاریان بۆ کردووە لە ساڵانی ڕابردوودا پێویستیەکە بۆ دەرچون لە هەلومەرجی سیاسی قەیراناوی کوردستان و ئاگری شەڕێک کە گرتوویەتیەوە؟

**ڕێبوار ئەحمەد:** ریفراندۆم بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد بە تایبەتی لە عێراقدا، ریگاچارەیەکی ئوصولیە بۆ کێشەیەک کە دەیان ساڵە بووە بە گرفتێکی سیاسی گەورە و کۆمەڵگای خستوەتە ژێر کاریگەری توندی خۆیەوە. بە بڕوای من ئەمە خۆی لە خۆیدا پەیوەندیەکی بە هەلومەرجی قەیرانی و شەڕ و نائارامی بە شێوەیەکی گشتی نییە. بنەماکەی زۆر سادە بریتیە لەوەی کە کێشەیەکی سیاسی گرنگ هەیە لەم کۆمەڵگایەدا بە ناوی کێشەی کورد. پێشتر ستەم و سەرکوتی دڕندانەی میللی و هەڵاواردنێکی فاشیانە دژی خەڵکی کوردزمان لە سایەی دەوڵەتێکدا کە خۆی بە عەرەبی ناساندبوو، پیادەکراوە و ئەمە بوو بەم کێشە سیاسیە گەورەیە. پاش روخانی ئەو دەوڵەتە و نەمانی ستەمی میللییش ئەو قڵشت و ناکۆکی و رەقەبەریە توندەی کە بە هۆی رابردوی ستەمی مللیی و پاشان کارکردی هێزو و بزووتنەوە ناسیۆنالیستە کورد و عەرەبەکانەوە لە نێوان خەڵکی کوردزمان و خەڵکی عەرەبزماندا سازکراوە، ئەم مەسەلەیەی بە جۆرێکی تر درێژداوە. ئەم کێشەیە پێویستی بە چارەسەر هەیە. لە روانگەی کۆمۆنیزمەوە بەرپاکردنی شۆڕشی سۆسیالیستی و کۆتایهێنان بە هەموو جۆرە ستەم و هەڵاواردنێک، ریشەییترین وەڵامیشە بەم کێشەیە. تا کاتێک کە ئاسۆیەکی نزیک بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی کرێکاری دیار نەبێت، ئوصولیترین رێگاچارە ئەوەیە کە بە راپرسیەکی گشتی و ئازادانەی خەڵکەکەی ئەم مەسەلەیە ببڕێتەوە. هەڵبەت ئەگەر ئاسۆیەکی نزیک بۆ شۆڕشی سۆسیالیستیش لە ئارادا بوایە هەر پێویست بوو ئەم مەسەلەیە بە ریفراندۆم یەکلا بکرایەتەوە، بەڵام ئەوە کاری کورتترین ماوەی پێویست بوو بۆ ئەنجامدانەکەی. جیابونەوەی فینلاند لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر نمونەیەکە. بەهەرحاڵ لەو راپرسیەدا ئەو پرسیارە دەخرێتە بەر دەنگدادانی خەڵک؛ کە ئایا دەیانەوێ لە عێراقدا بمێننەوە یان جیابنەوە و دەوڵەتێکی سەربەخۆ دروست بکەن؟ بەڵام بێگومان مانەوەیان لە عێراقدا بەو مەرجەوە دەبێت کە دەوڵەت و یاسا و دەستور هەموو دانیشتوان بەدەر لە ناسنامەی قەومی و دینیان وەکو هاوڵاتی یەکسان لە هەموو بوارێکدا چاو لێ بکات و هیچ جۆرە هەڵاوارنێک لە ئارادا نەبێت.

هەڵبەت دەبێ جیاوازی بکەین لە نیوان ریفراندۆم و جیابونەوە. ریفراندۆم دەکرێت دەنگ بە جیابونەوە بدات یان دەنگ بە مانەوە بدات. واتە لایەنێک دەتوانێ خوازیاری ریفراندۆم بێت و لەو ریفراندۆمەدا بانگەوازی خەڵک بکات بۆ مانەوە و بەڵگەی خۆی باس بکات کە بۆچی مانەوە باشترە. بۆ کۆمۆنیست و هێزێکی کۆمۆنیست قازانج و بەرژەوەندی و خۆشگوزەرانی خەڵک و بە دیاریکراوی بەرژەوەندی چینی کرێکار و رەخساندنی زەمینەی گەشەکردنی خەباتی چینایەتی ئەو فاکتۆرە سەرەکیەیە کە دەبێ بە بنەما وەرگیرێت بۆ بانگەوازکردن بۆ دەنگدان بە مانەوە یان جیابونەوە. بە شێوەی گشتی کۆمۆنیستەکان خوازیاری پێکەوە ژیان لە چوارچێوەی دەوڵەتی گەورەترن و ئەوە بە قازانجی گەشەی خەباتی چینایەتی و دامەزراندنی دەوڵەتی بەهێزی سۆسیالیستی دەزانن. بەڵام لە هەلومەرجی تایبەتدا کە پێکەوە مانەوە لە جیاتی ئەوەی مایەی بەهێزی و هاوپشتی بێت، ببێتە مایەی دەردەسەری و ناکۆکی، بە ناچاری لایەنگری لە جیابونەوە دەکەن. لەگەڵ ئەوەدا و بەدەر لە پێشنیاری کۆمۆنیزم لە هەردوو حاڵەتەکەدا رێگای گونجاو ئەوەیە کە خەڵک لە راپرسیەکی ئازاددا ئەو رێگایەی دڵخوازیانە هەڵبژێرن. کۆمۆنیزم و هەموو بزووتنەوە و هێز و دەوڵەتیکێش دەبێ ئەنجامی راپرسی خەڵک بە بنەما وەرگرێت و ئەوە جێبەجێ بکرێت.

کاتێک بۆ یەکەمجار لەسالی١٩٩٥دا باسی پێویستی سەربەخۆیی کوردستانی عێراق لەلایەن مەنسور حیکمەتەوە خرایەڕوو و دوای ئەوەش حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق وەکو رێگاچارەی خۆی بۆ کێشەی کوردستان پەسەندی کرد. مەسەلەکە واوەتر بوو لە ریفراندۆم، واتە جگە لە بەفەرز وەرگرتنی مەبدەئی ریفراندۆم و ئەوەی کە سەرئەنجام دەبێ خەڵک لە راپرسیەکی گشتی و ئازادانەدا بڕیار لەسەر یەکلاکردنەوەی ئەم پرسە بە مانەوە لەگەڵ عێراق یان جیابونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بدات، مەنسور حیکمەت لەو کاتەدا بەرگری لەوە کرد کە پێویستە ریفراندۆم بکرێت و لەو ریفراندۆمەشدا رێگای دروست ئەوەیە کە خەڵک دەنگ بدەن بە جیابونەوە. ئەمە لەو کاتەدا بۆچونێکی دژە باو بوو، وەکو پێشتر وتم کۆمۆنیستەکان بەوە ناسراون کە دژی سنورە دەستکردەکانن و خەبات دەکەن بۆ سڕینەوەیان، کەچی ئەو لەو کاتەدا داوای جیابونەوە و دەوڵەتی سەربەخۆی کرد. ئەم باسە لەو کاتەدا پشتی بە دوو فاکتۆری سەرەکی بەستبوو؛ یەکەم ئەوەی کە کوردستان لە کۆمەڵگایەکی شاری و مودێرنەوە گۆڕابوو بە ئۆردوگایەکی ئاوارەیی و هیچ دینامیزمێکی ئابوری تیا نەمابوو و ژیانی خەڵک بە کۆمەکی رێکخراوە خێرخوازەکان و دەوڵەتانی هاوپەیمان بەڕێوە دەچوو، ئەمەش رۆژبەرۆژ ئەو کۆمەڵگایەی بەرەو داڕوخان و پاشەوپاشگەڕانەوەی زیاتر دەبرد. لە راستیدا خودی کۆمەڵگا لەبەردەم هەڕەشەی لە ناوچون بوو. بۆیە دەبوو بە خێرایی لەو دۆخە دەربێت و رێگا لەو رەوتی داروخانە بگیرێت. دووەم ستەمێک لەسەر خەڵکی کوردستان کە دەیان سالبوو لەلایەن دەوڵەتە سەکوتگەرە عەرەبیەکانی عێراقەوە دژی خەڵکی کوردزمان بەڕێوە دەچوو. بە مانایەکی تر لەبەرچاوگرتنی ئەوەبوو کە کێشەیەکی دەیان ساڵە بە ناوی کێشەی کورد لە ئارادا بوو. ئەو وتی ئەم دوو مەسەلەیە پێویستیان بە یەک وەڵام هەیە کە هاوکات هەردوکیان چارەسەر بکات. بەڵام لەو کاتەدا کە دەوڵەتی فاشیستی بەعس لەسەر کار بوو، ئیمکانی ئەوە نەبوو کە دوور لە ناسنامەی قەومی هاوڵاتیان بە چاوێکی یەکسان تەماشا بکرێن، بۆیە وتی رێگای گونجاو بۆ هەردوو کێشەکە جیابونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیە کە هەردوو کێشەکە پێکەوە چارەسەر دەکات. بێگومان ئێستا دۆخەکەی ئەوکات گۆڕاوە، نە ستەمی میللی ماوە و نە کوردستان وەکو ئەوکات ئۆردوگای ئاوارەییە، بەڵام دیسان مەسەلەی کورد بە ناوەرۆکێکی جیاوازەوە ماوەتەوە و دیسان ریفراندۆم رێگاچارەی دروستە بۆ چارەسەر و دیسانیش بە بەڵگەگەلێکی تر هەر جیابونەوە دروست و گونجاو و کارسازە.

دربارەی خودی ریفراندۆم، بە بڕوای من شتێک بە ناوی ریفراندۆمی کۆمۆنیستی و ریفراندۆمی بورژوازی بوونی نییە، ریفراندۆم هەر ئەوەیە کە تا ئێستا لە زۆر جێگیای دنیادا بۆ بڕینەوە و یەکلاکردنەوەی پرسگەلێکی گرنگ راپرسی بە خەڵک کراوە، ریفراندۆم راپرسیە بە خەڵک بۆ وەلامدانەوە بە پرسیارێک لە نێوان دوو ئەلتەرناتیوی جیاوازدا، لەسەر بناغەی دەنگدانی خەڵک گرتنەبەر و پیادەکردنی یەکێک لەو دوو رێگایەیە کە راپرسی بۆ دەکرێت. بۆ نمونە ریفراندۆم بۆ پرسینی رای خەڵک دەربارەی مانەوە یان هاتنەدەری بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا؟ بەڵام مەرجی ریفراندۆمێکی واقعی و ئازاد کە خەڵک بتوانن ئازادانە و بە چاوی کراوە و بە ئاشنابوون بە رای لایەنەکان دەربارەی ئەو ئەلتەرناتیوە جیاوازانە، مسۆگەربوونی کۆمەڵێک پرەنسیپە کە دەنگدانی ئازادانە و هوشیارانەی خەڵک و ئەنجامی واقعی دەنگدانی خەڵک لە سندوقەکانی دەنگدان دەکرێت نەک لە جیاتی ئەمە سیناریۆ بەرپاکرێت بۆ سەپاندنی رای لایەنە دەسترۆیشتووەکان. یان وەکو مسعود بارزانی دەڵێت مەرج نییە ریفراندۆم لە ئەگەری دەنگدانی خەڵک بە جیابونەوە، دەوڵەتی سەربەخۆ پێکبێت!! کەوایە ئەو ریفراندۆمی بۆ مەرام و مەبەستێکی تر دەوێ کە روونیشی ناکاتەوە چیە؟ ئەمە دروست بە ناوی ریفراندۆمەوە بەلاڕێدابردنی بیروهۆشی خەڵک و پاشانیش بەکارهێنانی ئەنجامی دەنگدانی خەڵکە بۆ ئەجندایەکی تر لەگەل نەیارەکانی بۆ مەرامەکانی خۆی.

**دیدگای سۆشیالیستی:** تۆ پێشنیاری ئەوە ئەکەیت کە ڕیفراندۆم لەو ناوچانەش کە جێناکۆکن بکرێ و لێیان بپرسرێ کە ئایا خەڵکەکەی ئەیانەوێ سەربەخۆ بن، بەڵام ئایا دەنگدانێک کە لەو ناوچانە بێ، کارناکاتە سەر تەواوی پرۆسەی دەنگدانەکەی ڕیفراندۆم و ئەنجامەکەی؟ بە جۆرێکی تر بیلێێین ئێستا کە هەرێمی کوردستان بە شێوەی دیفاکتۆ (ئەمری واقع) سەربەخۆیە باشتر نییە چارەنوسی هەرێم یەکلایی بکرێتەوە ئنجا دوای ئەوە لە کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان ئەم پرۆسەیە بچێتە پێشەوە؟ چونکە هەر ئێستا ئەو ناوچانە جێی ململانێ و هەڕەشەی هێزە ناسیۆنالیستیە کوردیەکان وعەرەبیەکان و ئیسلامیەکان و تەنانەت تورکمانیشە. گەر هەر دوای داعش شەڕ لەم ناوچانە لەسەر فراوانبوونەوەی زۆنی دەسەڵات هەڵبگیرسێ، پرۆسەی ڕیفراندۆمیش لە هەرێمی کوردستاندا دواناخات؟ بە تایبەتیش گەر ئەمە هاوجووت بێ لەگەڵ تەرحی دەوڵەتێکی قەومی کوردی ئاوێتە بوو بە ئیسلام.

**ڕێبوار ئەحمەد:** بۆ ئەوەی قسەکەی من وەکو خۆی بەیان بکرێت من دەڵێم کاتێک ریفراندۆم دەکرێت دەربارەی ئەوەی کە ئایا خەڵکی کوردستان دەیانەوی لەگەڵ عێراق بمێننەوە یان جیابنەوە؟ یەکەم من نەموتوە و ناڵێم لە خەڵکی ئەو ناوچانە بپرسن کە ئایا ئەیانەوی سەربەخۆ بن؟ سەربەخۆبوون یانی چی؟ یانی مەبەست لەوەیە کە بیانەوێ سەربەخۆبن لە هەردوو دەوڵەتی عێراق و دەوڵەتی کوردستان کە راپرسی بۆ دەکرێت؟! من شتی وام نەگوتوە، بەڵکو دەڵێم ریفراندۆم لەسەر چارەنوسی کوردستان بە مانەوە یان جیابونەوە لە عێراق دەبێ لە هەموو ناوچە کوردنشینەکاندا ئەنجام بدرێت، مەبەستم لە ناوچە کوردنیشینەکان هەموو ئەو ناوچانەیە کە بە گشتی یان بەشێکی بەرچاوی دانیشتوانەکەی کوردن و هەر بەم پێیەش مشتومڕ هەیە لەسەر ئەوەی کە ناوچەی کوردی یان وەکو خۆیان دەڵێن کوردستانین یان نا. نمونەی بەرجەستەی ئەمە کەرکوک و خانەقین و شەنگال و مەخمور و ..هتد. بێگومان ئەم ناوچە کوردنشینانە تێکەڵاونشینن، واتە خەڵکی کورد و عەرەب و تورک و ئەرمەن و ئاسوری و ..هتد تیایاندا دەژین. من دەڵێم بەڵێ نەک رەنگە بەڵکو بێگومان کاریگەری دەبێ لەسەر ئەنجامی ریفراندۆم، بەڵام هەر لەبەر ئەم کاریگەریە دەبێ راپرسی بۆ جیابونەوە یا مانەوە ئەوناوچانەش بگرێتەوە. ناکرێت کاریگەری دەنگی خەڵکی ئەو ناوچانە لەسەر ئەنجامی ریفراندۆم نادیدە بگیرێت. یەکەم ئەوە مافێکی ئەوانە کە بەشداری بکەن لە دروست کردنی بڕیارێکی زۆر چارەنوسساز دەربارەی ئایندەی ئەو کوردستانەی کە مشومڕ هەیە لەسەر ئەوەی ئەوان بەشێکن لێی یان نا؟ بۆ نمونە ناسیۆنالیستە کوردەکان ئیدعای ئەوە دەکەن کە لە سەدا چلی کوردستان لە دەرەوەی هەرێمە، دەوڵەتی مەرکەزیش دانی بەوەدا ناوە کە ناوچەگەلێک هەن لە نێوان هەرێم و مەرکەزدا کێشەیان لەسەرە و واتە نەبڕاونەتەوە. کەوایە پرسیار ئەوەیە چۆن و بە چ پێوانەیەک ئەکرێت خەڵکی ئەم ناوچانە بە دەر لەوەی ژمارەیان هەرچەندێک بێت، لە بڕیاردان لەسەر داهاتویان رۆڵ و دەنگیان نادیدە بگیرێت؟! پرسیار ئەوەیە کە بە کام پێوانە بۆ نمونە ئەگەر ئیدعای ناسیۆنالیستە کوردەکان بە هەند وەرگرین لە سەدا چلی دانیشتوانی کوردستان کە لەم ناوچانەنە و زۆرترین قوربانیانی ستەم و هەڵاواردنی قەومی لە رابردوودا لەوان کەوتوە و لە ئێستاشدا مەترسی شەڕ و کێشەی قەومی زۆرتر ئەوان دەکات بە قوربانی، لە راپرسی و بڕیاردان لەسەر ئایندەی کوردستان مافیان نادیدە و فەرامۆش بکرێت؟ چۆن دەکرێت سبەینێ ئەوان لەگەڵ کارێکی ئەنجامدراو و بڕاوە روبەروبن و تەنها ئەوەندەیان بۆ مابێتەوە کە لەگەڵ دەوڵەتی عێراق یان لەگەڵ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەبن؟ بۆ مافیان نییە لە سەرەتاوە لە دروستکردنی ئەو بریارەدا بەشداری بکەن؟ کێ دەڵێ بەشداری ئەوان کار ناکاتە سەر ئەنجامی ریفراندۆم چ بۆ جیابونەوە و چ بۆ مانەوە لەگەڵ عێراق؟ گریمان خەڵکی ناوچەکانی ئێستای هەرێم دەنگیاندا بە مانەوە، ئیتر چ هەڵبژاردنێک لەبەردەم خەڵکی باقی ناوچە کوردنشینەکانی تر دەمێنێ؟ یان بە پێچەوانە ئەگەر خەڵکی ناوچەکانی ئێستای هەرێم دەنگ بدەن بە جیابونەوە، بە چ پێوانەیەک خەڵکی ناوچە کێشە لەسەرەکان ناچارن بەم بریارەی کە رۆڵیان لە دروست کردنیدا نەبوە، ناچاربن بەوەی لەگەڵ لایەکیان بکەون؟ من دەڵێم بە پێچەوانەوە دروست لەبەر ئەوەی بەشداری ئەوان کاریگەری دەبێ لەسەر ئەنجامی ریفراندۆم بۆ جیابونەوە لە عێراق یان مانەوە، دەبێ بەشداری لە ریفراندۆم بکەن لەسەر چارەنوسی کوردستان.

دووەم رەنگە یەکێک لە کاریگەریە پۆزەتیفەکانی بەشداری ئەم ناوچانە بەو بارەدا بێت کە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان

وەکو ئەمری واقع نەتوانێ ناسنامەی قەومی و نەتەوەپەرستی کوردی زەق بکاتەوە بۆ ئەوەی دەنگی نەخێر لە دانیشتوانی غەیرە کوردزمانی ئەو ناوچانە وەنەگرێت.

مەبەستی من ئەوەیە لەو ناوچاونەدا دەبێ دەنگدان بۆ دوو مەسەلە بکرێت یەکێکیان مانەوە یان جیابونەوەی کوردستانە لە عێراق، ئەوی تریان دەربارەی ئەوەیە کە لە حاڵی جیابونەوەی کوردستاندا ئەو ناوچانە دەیانەوێ لەگەڵ دەوڵەتی کوردستان بن یان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بمێننەوە. هەر یەک لەمانە ئەگەر بە دەنگدانی خەڵک ببرێتەوە کۆڵێک شەڕ و کێشە و نەهامەتی لە کۆڵ خەڵک دەکاتەوە، هەردوو دەوڵەتیش دەخاتە پیشبرکێی ئەوەوە کە خزمەتگوزاری و مافی زیاتر بە خەڵک بدەن بۆ ئەوەی دەنگی ئەو ناوچانە بەدەست بهێنن. هەڵبەت مەرجێکی چارە هەڵنەگر نییە کە حەتمەن دەنگدان لەسەر هەردوو ئەم مەسەلانە لەو ناوچانەدا بە یەکەوە و لە یەک کاتدا ئەنجامبدرێت، دەکرێت لە پێشدا بە بەشداری دانیشتوانی ئەو ناوچانە ریفراندۆم لەسەر مانەوە یان جیابونەوەی کوردستان بکرێت، پاشان ئەگەر ئەنجامی دەنگدان جیابونەوە بوو، لەو ناوچانە ریفراندۆم بۆ ئەوەش بکرێت کە دەیانەوێ لەگەڵ کام لابن. واتە بە کورتی گرنگ ئەوەیە کە خەڵکی ئەو ناوچانە هەم دەبێ لەسەر دەنگدان بۆ یەکلاکردنەوەی ئایندەی کوردستان بەشداری ریفراندۆم بکەن، هەم دەبێ بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەیەک کە لەسەر ئەو ناوچانە هەیە لە رێگای دەنگدان و راپرسی لە دانیشتوانەکەی چارەسەر بکرێت. من وەکو کۆمۆنیستێک لام وایە ئەگەر لە روانگەی بەرژەوەندی خەڵکەوە چاو لەم جۆرە مەسەلانە بکەین کە بوون بە کێشەی سیاسی و مەترسی ئەوە لە ئارادایە کە بکێشێتە جەنگ و ماڵوێرانی، رێگاچارەی دوور لە کارەسات نە دەتوانێ گەڕانەوە بێت بۆ سەرژمێری ۱۹۵۷ و نە بەرلەوە و نە دوای ئەوە، هەروەها نە مێژوو نە زانستی کۆمەڵناسی ئەم جۆرە کێشانە چارەسەر ناکات. راپرسی خەڵکەکەی تەنها رێگای گونجاوە بۆ ژێرپێخاڵی کردن و ناکام کردنەوەی ئەو سیاسەتانەی کە دەیەوێ بە جەنگ و ماڵوێرانی یەکلایان بکاتەوە.

تا ئەو جێگایەی بە دواکەوتن یان دوانەکەوتنی ریفراندۆم لەسەر چارەنوسی کوردستان دەگەڕێتەوە، من لام وانییە ئەمە فاکتۆرێکی کاریگەر بێت، لە هەموو حاڵێکدا لە پرۆسەیەکی ٦ مانگیدا کە مەبەست بێت هەلومەرج بۆ ریفراندۆمی گشتی ئامادە بکرێت لە هەمانکاتدا دەکرێت هەمان کار بۆ ئەمەش بکرێت. مەگەر لایەنەکانی ئەم کێشەیە نەیانەوێ بە ریفراندۆم و رای خەڵک یەکلایی بکەنەوە.

**دیدگای سۆشیالیستی:** ئێستا بە شێوەیەکی گشتی وتوومانە کە ئەبێ کوردستان ببێ بە دەوڵەتێکی غەیرە قەومی و سێکیولار. بەڵام با پرسیارەکە وردتر بکەینەوە: چ جۆرە دەسەڵات یان دەوڵەت و حکومەتێک پێویستە لە کوردستاندا دروست بکرێ لەسەر دەستی کۆمۆنیستەکان؟ بە واتایەکی تر، بە شێوەیەکی گشتی شێوازی ئابوری و سیاسی و یاسایی ئەم دەوڵەتە چۆن ئەبێ؟

**رێبوار ئەحمەد:** با بەر لە هەموو شت ئەوە دووپات بکەمەوە کە لەو وتارەشدا کە ئاماژەتان پێیدا باسم کردوە، دەربارەی ئەوەی کە کۆمۆنیستەکان نابێ بە مەرجی ئەوە دەوڵەتی سەربەخۆ یان جیابونەوە پەسەند و لایەنگری بکەن کە دەوڵەتی سەربەخۆ سێکیولارو غەیرە قەومی بێت. ئێمە لە پێشدا چارەسەری کێشەکەمان بۆ سەرەکیە. دەوڵەتی سەربەخۆ چ دەوڵەتی قەومی کوردی بێت و چ دەوڵەتی سێکیولاری غەیرە قەومی بێت کێشەی کود کۆتایی دەهێنێت. بەم مەنایە ناکرێت بەو مەرجە ریفراندۆم و جیابونەوە پەسەند و پشتیوانی بکەین کە ئەو دەوڵەتەی پێکدێت سێکیولار و غەیرە قەومی بێت. لە راستیدا ئەمانە خۆیان دوو برگەی جیاوازن، ریفراندۆم تەنها بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەکرێت کە خەڵکی کوردستان مانەوە لەگەڵ عێراق یان جیابونەوەی دەوێ، نەک چ جۆرە دەوڵەتێک. بێگومان نابێت ئەمە هیچ لە پێویستی و بایەخی سێکیولار بوون و غەیرە قەومی بوونی ئەو دەوڵەتەش کەم بکاتەوە. بەڵام دەبێ ئەوە رون بێت کە ماهیەتی ئەو دەوڵەتەی پێکدێت دەکەوێتە گرەوی رۆڵ و سەنگ و سوکی هێزو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان لە مەیدانی واقع و لە گشت ئەو پرۆسێسەدا، گرێی خواردووە بە بەرامبەرکێی بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانەوە، ئەگەر کۆمۆنیزم و چینی کرێکار رۆڵێکی قورس و کاریگەری هەبێت نەک هەر دەکرێ ئەو دەوڵەتی سەربەخۆیە سێکیولارو غەیرە قەومی بێت، بەڵکە دەکرێ سۆسیالیستی و دەوڵەتێکی کرێکاری بێت، کە لە هەمانکاتدا لە باڵاترین ئاستدا سیکیولاریزم و غەیرە قەومی بوون مسۆگەر دەکات. بە پێچەوانەشەوە ئەو دەوڵەتەی کە بە رۆڵی بەرجەستەی ناسیۆنالیزم و بە پێی سیاسەت و بەدیلی ناسیۆنالیزم پێکدێت، قەومی و بە ئەگەری زۆر ئاوێتە بە ئیسلامیش دەبێت. بەڵام ئەمە ئەو راستیە ناگۆرێت کە یەکەم؛ کێشەی کورد بە یەکجاری کۆتایی پێ دەهێنێت و دووەم؛ دۆخێکی تازەی ئەوتۆ دەخولقێنێت کە هەلومەرج بۆ ململانێی چینایەتی بورژوازی و کرێکار لەبارتر دەکات و راستەوخۆتر ئەم دوو چینە دەخاتە بەرامبەر یەکتری و بوار دەکاتەوە بۆ ئەوەی خەباتی سۆسیالستی چینی کرێکار بکەوێتە سەر راستە رێگایەک بۆ پەرەسەندن و بەهانەیەک نەمێنێتەوە بۆ فریوکاری هاوچارەنوس نیشاندانی کرێکار و بورژوازی کورد. وە سەرئەنجام سێیەم؛ دۆخێکی تازە بۆ گشت بزوتنەوەی نارەزایەتی دەخولقێنێ و دەوڵەت دەخاتە ژێر گوشاری ئەوەی کە مافە هەمەلایەنەکانی جەماوەری خەڵک بسەلمێنێ و دابینی بکات و لەم بارەیەوە جەنگێکی راستەوخۆ و فرە مەیدان دەکەوێتە نێوان خەڵک و دەوڵەتەوە لەسەر ماف و ئازادیەکان وچی تر دەوڵەت ناتوانێ بە بەهانەی کێشەکانی فیدرلێزمەکەیان و بەهانەی بێ دەربەستی حکومەتی مەکەزی خۆی لە خواستی خەڵک بدزێتەوە. هەر ئەمەش زەمینەی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە لەبارتر دەکات تەنانەت لەسەر خودی ماهیەتی دەوڵەتیش.

هەرچەند لام وانییە لە پەیوەند بەم مەسەلەیەوە باسی شێوەی ئابوری و سیاسی یاسایی دەوڵەتێک کە کۆمۆنیزم بۆی تیدەکۆشێت جێگایەکی ئەوتۆی هەبێت لە پەیوەند بەم باسەوە، چونکە جارێ کێشەکە لە جێگایەکی ترە، بەڵام بۆ ئەوەی لانی کەم سەرخەتی وەڵامی پرسیارەکەتان نارۆشن نەمێنێتەوە، سەرەتا ئەوە بڵێم کە جۆری پرسیارەکەی ئێوە کاتێک دەڵێی " چ جۆرە دەسەڵات یان دەوڵەت و حکومەتێک پێویستە لە کوردستاندا دروست بکرێ لەسەر دەستی کۆمۆنیستەکان"؟ بە ناچاری ئەگەر بمەوێ بە درێژی لەسەری برۆم لە باسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان دوورمان دەخاتەوە. چونکە وەڵامی دروستی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە کۆمۆنیزم بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کرێکاری خەبات دەکات، ئەگەر لە رووی ئامادەیی زاتیەوە ئاسۆیەکی نزیک بۆ ئەمە لەبەرچاوبوایە، ئەوە زۆر باس و زۆر مەسەلە مەوزوعیەتی نەدەما و باشترین رێگاچارە دەکەوتە دەست بۆ سەرجەم کێشەکان. بەڵام ئەگەر مەبەستی پرسیارەکەی ئێوە ئەوەیە کە بە شێوەیەکی گشتی شێوازی ئابوری و سیاسی و یاسایی ئەو دەوڵەتی سیکیولار و غەیرە قەومیە چییە، کە کۆمۆنیزم لە پەیوەند بە کۆتایهێنان بە کێشەیەکی دیاریکراوەوە خستویەتیەڕوو؟ ئەوە دەتوانم بڵێم لە رووی ئابوریەوە ئەو دەوڵەتە هەر سەرمایەداریە و بەبێ بەرپاکردنی شۆڕشی سۆسیالیستی لە پێشدا دەوڵەت و پاشان سیستەمی سەرمایەداری گۆڕانی بەسەر نایات. بەڵام ئەگەر مەبەستتان ئەوەیە کە لە رووی ئابوریەوە چۆن و بە چی بەڕێوە دەچێت؟ ئەوە دەتوانێ دەوڵەتێک بێت کە لە زۆر رووەوە نەک هەر پێداویستیە سەرەتایی و سەرەکیەکانی خۆی دابین بکات، بەڵکو دەتوانێ هەناردەشی هەبێت. لە رووی کشتتوکاڵ و ئاودێری و ئاژەڵداری، لە رووی سەرچاوە کانزاییەکان، لە رووی گەشت و گوزار، لە رووی پیشەسازی جۆراوجۆر، مەوادی خۆراکی لە زەیت و شەکر و برنج و تازە ئەگەر لەبەر باری تەندروستی جگەرە و دوخانیات فەرامۆش بکات، مەوادی بیناسازی، کارەبا ..هتد تا سەردەمانێک ئەو دەرمانەی لە عێراق (کارگەی دەرمانسازی سامەڕا) دروست دەکرا لە رووی کوالیتیەوە لە بەرهەمی زۆرێک لە وڵاتانی دەوروبەر زۆر باشتر بوو تەنانەت شانی لە شانی دەرمانی ئەورپایی دەدا. وە زۆر لایەن و سەرچاوەی دیکە، جگە لەوەی کە سەرچاوەیەکی نەوتی و گازی سروشتی گەورەی هەیە. بەراستی ئەگەر دەوڵەت و دەوڵەتداری و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا مەبەست بێت، نەک تاڵان و برۆ و راوڕوتی مافیایی، ئەوە هەمووو ئەمانە بە خێرایی دەکرێت ببوژێنەوە. لەوەش زیاتر خۆ ئەگەر قازانجی سەرمایە بنەما نەبێت بەڵکو دابینکردنی پێداویستیەکانی گوزەرانێکی باش بۆ هاوڵاتان بنەمابێت، لە هەموو ئەو رووانەوە توانا و زەمینەی بوژانەوەی گەورە هەیە. هەموو داهاتەکان دەبێ لە یەک بانکی میللیدا کۆبکرێنەوە و لەژێر کۆنترۆڵی نوێنەرانی باڵای خەڵک (شوراکان)دا بۆ دابینکردنی خۆشگوزەرانی دانیشتوان خەرج بکرێن. دۆخی ئێستا نابێت بە بنەما وەرگرین، ئەوانەی ئێستا دەسەڵاتیان بە دەستە بە مەفهومی بورژوازی و سەرمایەدارییش، مافیان. تەنها کەڵەکەی سامان و توندکردنی لە بانکەکان سەروبنی پرۆژەیانە. ئەو سامانەی بە تاڵانی دەیبەن ئامادەنین و لە راستیدا دڵنیایی ئەوەیان نییە بیشیخەنە کارەوە. لە جێگایەک مافیا دەسەڵاتدار بێت، سەرمایەش ناتوانێ رووی تێ بکات، ئەگینا لە سایەی ئەو هێزی کارە زۆر و هەرزانەدا پیشەسازی ئۆتۆمۆبیلیش لە کوردستاندا پێشبڕکێی لەسەر دەکرا.

لە روی سیاسیەوە دەوڵەتی کوردستان پێویستە دەوڵەتێکی ئازاد و ئازادیخوازبێت، هەموو دەرگاکانی بەروی میدیا و ژورنالیزمی دنیادا بکاتەوە بۆ ئەوەی وێنایەکی ئۆبژێکتیڤ لە دۆخی سیاسی کوردستان نیشانی دنیا بدەن و نەیارانی نەتوانن دێوەزمەی لێ دروست بکەن. سیستەمی شواریی باشترین و ئازادنەترین و هەتا دیموکراسی ترین شێوە و سیستەمی دەوڵەتی و دەسەڵاتدارێتی و بەشداری خەڵکە لە دەسەڵات. دەبێ هەموو پۆستە حکومی و قەزایی و ئیداریەکان بە دەنگدانی راستەوخۆی خەڵک دەهەڵبژێردرێن و هەرکات جێگای رەزامەندی خەڵک نەبوون لاببرێن. دەوڵەتی کوردستان نابێ ناسنامەی قەومی و دینی هەبێت، هەموو هاوڵاتیەکی ئەم کۆمەڵگایە بەدەر لەوەی بە چ زمانێک قسە دەکات و روو دەکاتە کوێ بۆ نوێژکردن یان هەر بڕوای بە دینداری نییە، هەموان هاوڵاتی یەکسان بن. هەموان بە یەکسانی بۆیان هەیێت بۆ هەموو پۆست و بەرپرسیارێتیەک خۆیان بەربژێر بکەن و بتوانن دەنگی متمانەی خەڵک بەدەست بهێنن، هەموو جۆرە دابەشکاری و دەستەبەندیەکی قەومی و دینی و تائیفی قەدەغە بێت، بۆ نمونە هاوڵاتیەک بە کوردی یان بە عەرەبی یان بە تورکمانی قسە دەکات مافی ئەوەی هەبێت بتوانێ بە پێی پێوانە گشتیەکان کە بۆ هەر پۆستێک دیاری دەکرێت، خۆی بۆ سەرۆکی دەوڵەت بەربژێر بکات و دەنگی متمانەی خەڵک بەدەست بهێنێت. دابەشکردنی پۆستەکان چ لە شوراکاندا و چ لە کابینەی حکومەتی و چ لە پۆستە قەزایی و ئیداریەکاندا لەسەر بناغەی نوێنەرایەتی کردنی قەوم و تائیفە و دین، واتە ئەو گاڵتەجاڕیەی ئێستا لە عێراق و کوردستاندا بە شانازیەوە وەکو رەچاوکردنی مافی دەستەواژەی پوچی "پێکهاتەکان" بە تەواوی قەدەغە بێت، هەرکەس بۆ هەر پۆستێک هەڵدەبژێردرێت لە سنوری کارو دەسەڵات و ئەرکەکانی خۆیدا دەبێ نوێنەرایەتی یەکسانی هەموو هاوڵاتیان بێت، لە دەستور و یاسای ئەو دەوڵەتەدا دەبێ (هاوڵاتی) دەستەواژەی ئەوەڵ و ئەخیر بێت نەک قەوم و دین و تائیفە و..هتد. هەر لە بنەڕەتەوە دەبێ دەستەواژەی "کەمایەتی و مافی کەمایەتیەکان" کە مانای کردنیانە بە هاوڵاتی پلەدوو قەدەغە بێت، هەموان وەکو یەک هاوڵاتی یەکسان و خاوەنی مافی یەکسانبن. هەموانیش بۆیان هەبێت بە زمانی دایکی خۆیان لە هەموو جێگایەکی فەرمی و نافەرمیدا قسە بکەن و بخوێنن.

لە رووی یاساییەوە، دەبێ هەموو هاوڵاتیان لەبەرامبەر یاسادا لە ماف و ئەرکدا یەکسانبن، دین بە تەواوی لە دەوڵەت و پەروەردە و فێرکردن جیابێت، ببێت بە کاری تایبەتی هەر هاوڵاتیەک، هەرکەس ئازادە کێ ئەپەرستێ و رووئەکاتە کوێ بۆ نوێژکردن یان هیچ لەمانە ناکات و دینی نییە. دەوڵەت نابێ هیچ خەرجێک بۆ کاروبار و برەودان بە هیچ ئاین و بیروباوەڕێک خەرج بکات، ئەوە ئەرکی پێڕەوانی دین و بیروباوەڕەکانە کە لەسەر حیسابی خۆیان خەرج بکەن بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی خۆیان و بیروباوەڕەکانیان. ژن و پیاو دەبێ لە هەموو بوارێکدا یەکسان و هەر جۆرە هەڵاواردنێک لەسەر بناغەی جنس قەدەغە و روبەرووی سزای قانونی بێتەوە. ئازادی بێ قەیدوبەندی سیاسی و حزب دروستکردن و رێکخراو دروستکردن و رادەربڕین و رەخنەگرتن و نارەزایەتی دەربڕین، دەوڵەت نابێ هیچ جۆرە بیروباوەڕ و ئایدۆلۆجیایەکی هەبێت، لە جیاتی ئەوە لە هەموو بوارێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیدا کۆمەڵێک یاسا پەسەند بکرێت کە راستەوخۆ لەسەر بناغەی ئازدی و ماف و خۆشبەختی ئینسانی و هاوڵاتیان دارێژرابن و ئەوەی گرنگ نییە ئەوەیە کە لە گەڵ چ ئایدۆلۆژیەک دەکەونە ناکۆکیەوە.

لە هەمو ئەو بوارانەدا دەکرێت زۆر زیاترو وردتر لەسەری برۆین بەڵام لاموایە بۆ دانی دیدکی گشتی ئەوەندە بەس بێت و باسەکە لەوە درێژتر نەکەینەوە. بە تایبەتی بەڕای من ئەم باسە لە پەیوەند بە ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستانەوە لاوەکین. لەو جێگایەی ریفراندۆم بە کردەوە دەکەوێتە دەستورەوە و ٦ مانگ دیاری دەکرێت بۆ ئەوەی لایەنەکان لە فەزایەکی ئازادا پێشنیارو بەرنامەی خۆیان بخەنە بەردەسی خەڵک، دەکرێت ئەم مەسەلانە هەمەلایەنەتر و وردتر باس بکرێن. لەوەش زیاتر کاتێک ریفراندۆم ئەنجم دەدرێت و دۆخەکە دەگاتە سەر دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆ ئەوکات ئەمانە دەبن بە بنەمای کێشمەکێشی بزووتنەوە و هێز و چینەکان. بەڵام جارێ کێشەکە لە سەر خودی ریفراندۆمە.

بۆپێشەوە FORWARD بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە

## درێژەی.... نەوت بەمانای ژەهر و...

ڕۆژانە بەهەزارەها لەبەرمیلی نەوتی خاو بەشێوەی فەرمی لەڕێگای بۆرەکان بۆ ناو خاکی (تورکیا) ڕەوانە دەکرێت و بەشێوەی قاچاغ لەڕێگەی تانکەرە نەوت هەڵگرەکان ڕەوانەی خاکی (ئێران و تورکیا) دەکرێت. هەموو پارە و سەروەت و سامانی ئەم نەوتە دەدزرێت و بەتاڵان دەبردرێت و بەهەدەر دەدرێت. زۆرجار لەڕۆژنامەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ئەحزابی میلشایی بۆرجوازی کوردستان ئەو ڕاستی و واقعیەتە دەدرکێن و دانی پێدادەنێن کە ڕیفۆرمی چاکسازی بکرێت بۆ لەناوبردنی دیاردەی گەندەڵی لەهەموو بوارەکانی ژیانی ( سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی )دا، بەڵام بەدڵنیایەوە هەموو هەوڵ و کار و کردەوەکانیان بێسوودە و شکست لەدوای شکست بەدوای خۆی دەهێنێت چونکە کار و کردەوەی دزی و بەتاڵانبردن و گەندەڵکاری تاوەکو ئێستاکەش بەردەوامی هەیە و هەموو کەڵێن و قوژبن و ناوەندەکانی ئەم هەرێمەی کوردستانی داپۆشیوە. هەر دوێنێ بوو یەکێک لەبەرپرسانی یەکێک لەحزبی دەسەڵاتدار لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا لەسەر زاری خۆی ئیعترافی کرد و دانی بەوەدانا و وتی (( هیچ شوێنێک لەم کوردستانە نەماوە کە پارە و سەروەت و سامان و داهاتی ئەم هەرێمەی کوردستان تێدا نەکەن و سەرزەمین و ژێر زەمینش شوێنی تێدا نەماوە کە پارە و سەروەت و سامان و داهاتی خەڵکی هەرێمی کوردستانی تێدا خەزن نەکەن )). بەڵام ئێستاکە ڕێگایەکی ئاسانتر و باشتر و گرێنتی تریان دۆزیوەتەوە ئەوش لەڕێگای هەردوو فرۆکەخانی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانی بەملیۆنەها و ملیاردەها دۆلار لەسەروەت و سامان و داهاتی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەدزرێت و بەتاڵان دەبردرێت و ڕەوانەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەکرێت و لەناو هەموو بانکەکانی جهاندا خەزن دەکرێت. پاوان و ئاغایەکانی ئەحزابی میلشایی بۆرجوازی کوردستان هەمووان بوون بەملیۆنێر و ملیاردێر لەسەر حسابی سامان و داهاتی خەڵکی هەرێمی کوردستان بەناوی کورد و کوردایەتی!!. جا لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامگیریەی کە ئەقلیەتێکی زۆر کەم کەپێکهاتوون لە پاوان و کاربەدەستانی دەسەڵاتی میلشایی ناسیونالیستی لە کوردستان کە ئەمڕۆ براوەیە و بەڵام زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان کە پێکهاتوون لەخەڵکی کرێکار و هەژار و کەم دەرامەت زیانلێکەوتوون لەم وەزعەتەدا. ئەمڕۆکە خەڵکی کوردستاندا لە دۆخێکی زۆر نالەباردا ژیان دەگوزەرێنن. بەڵام ئێمە زۆر دڵنیاین لەوەی کەدەسەڵات ساسی سەرکوتکەر و داپڵۆسێنەر لەهەر وڵات و شوێنێک بێت، ئەوا هەتا سەر بۆ هیچ کەس و بزووتنەوە و لایەنێک جێگر نییە و زوو یان درەنگ دەبێت بروخێنرێت و کۆتای پێ بهێنرێت لەسەر دەست و بازووی هێزی لەبن نەهاتووی گەل و خەڵی بێبەش. جا لێرەدا ئەوەی جێگای ئاماژەپێکردن و هەستکردنە بەلێپرسراوەتی لەهەر کارو کردەوەیەکی خەباتگێڕی و شۆڕشگێردا کەبتوانرێت هەرچی زووترە دەنگی بێزاری و نارەزای خەڵکی هەرێمی کوردستان ڕێکخراو و ئامادەباشی بۆ بکرێت لەسەردەستی ڕابەران و هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی کرێکاری و سۆشیالیستی و کۆمۆنستی بۆ هەڵقۆزتنەوەی هەر دەرفەتێکی گونجاو و لەبار و چارەنووسساز بەمەبەستی بەرپاکردنی ڕاپەڕین و ئەنجامدانی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا بۆ لەناوبردن و کۆتایهێنان بەسیستەمی سەرکوتکەرو داپڵۆسێنەر و زوڵم و زۆرداری و گەندەڵکاری لەهەرێمی کوردستاندا. باشترین بەڵگەی ئەم سەردەمەش کەخەڵکی کوردستان بەتایبەتی و عێراق و سەرجەم جیهان بەگشتی زۆر باش دەزانن و لە بیریانە بە ڕووخان و سڕینەوەی حزبی بەعسی فاشیزم و خودی سەرۆکی دیکتاتۆری عێراق (صدام حسن)ە لەڕاپەرینی خەڵکی کوردستان لەمانگی ئازاری ساڵی ١٩٩١ دا. دوا بەدوای ڕووخانی سستەمی سەرکوتکەر و داپڵۆسێنەر پێوستە هێزی گەڵ ئەڵتەرناتڤ و سیستەمێکی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی فەراهەم و پیادە بکات بۆ سەرجەم چین و توێژەکان بەبێ جیاوازی (ڕەگەزی، نەتەوەی، مەزهەبی و...هتد) لە پێناو دابینکردنی ژیانێکی شایستەی ئینسانی و شەرافمەندانە و پێکهێنانی دونیایەکی باشتر بۆ تاک بە تاکی کۆمەڵگای کوردستان. ئەمەش خۆی لەخۆیدا باشترن ئەلتەرناتڤ و جێگرەوەیە بۆ سەرجەم خەڵکی کوردستان...!

## درێژەی.... ماف و ریفاهیەت

هاوکات بۆ بیرهێنانەوەی ئەوەی کە مافەکان بەتەنیا لای ئەوانەو هەر ئەوانیش ئەتوانن دابینی بکەن، هاتوون و لە مێژوو و جوگرافیای جیاجیادا دەستیان بردوە بۆ هەندێک ئاڵوگۆڕ، کە "ڕەهایی دەسەڵات"یان کۆتایی پێهێناوە و "دەسەڵاتی ڕەها"یان خستۆتە جێگای و بەمەش پنتەکانی دەسەڵات فراوان بوونەتەوە و لەدەیان کونج و کەلەبەرەوە دەسەڵاتیتریان قووت کردونەتەوە. ئەم هەنگاوەشیان بەبێ سوود وەرگرتن لە دەستەواژەی "ماف"
مەیسەر نەئەبوو. مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنیزم و تەواوی ئەو باسانەی کەدواتر دەربارەی سیاسەت و ئابووری و فەلسەفەو کۆمەڵناسی تادەگاتە عەدالەتی کۆمەلایەتی، بەردی بناغەی ئەم نەزمە نوێیە بوون و سەرەنجام گەیشت بە "دەوڵەتی ڕیفاه"ە.

چاوخشاندنێکی خێرای ئەم ئیدارەیەی کە پێیدەگوترێت (دەوڵەتی ڕیفاه) لە وولاتانی ڕۆژئاوا بەگشتی و ئەوروپا بەتایبەتی، ئاستی داهات و شیوازی ژیان و پەیوەندییەکۆمەڵاتیەکان شاهیدی شکستی ئەم مۆدیلەن. مۆدێلێک کە بەندە بە بازارەوەو بازار چوارچێوەکەی داڕشتوە. قڵشتی چینایەتی زۆر زیاتر کردۆتەوە و خەڵکی دەستکۆتا کردوە لە هەر ئاڵوگۆڕێک کە بەقازانجی زۆربەی کۆمەڵگا بشکێتەوە. گەشەی پیشەسازی و زانست و تەکنۆلۆجیا و فەلەک..هتد، ئەگەر لە لایەکەوە کۆمەکێکیان کردبێت بە باشتر کردنی هەلومەرجی ئێستا، ئەوا لە سەدان لایترەوە هۆکاری لەبەین بردنی هەویەتی ئینسانین. تەنانەت زۆرێک لە لێکدانەوە زانستیەکان وایان لێهاتوە کە دەیانجار پوچتربن لە ڕیوایەتەکانی ناو مەزهەبەکان.

بەکورتی، جیاوازی لە نێوان ئەوەی کە لە ژێر سایەی دەوڵەتی ڕیفاهدا ئەگوزەرێت لەگەڵ وولاتانی ڕۆژهەڵاتی یان ئەوەی پێیدەڵێن جیهانی سیهەم ئەوەیە کە، لەوەی یەکەمیان زۆربەی زۆری دانیشتوان کۆیلەی تا ئەندازەیەکی باش سک تێرن، بەڵام ئاسۆیەک بۆ کۆتایی هێنان بە ژیانی کۆیلەییان نیە. بەڵام لەمەی دووهەمدا زۆربەی زۆری دانیشتوان کۆیلەی برسین، بەڵام دەرگای ڕزگاربوون و ڕێگای گەیشتن بە داهاتویەکی باشتر هەمیشە لەسەر پشتە.

بۆیە هەر تیوریزەکردنێک و قۆناغ بەندیەک ئەگەر لەسەر بنچینەی هاوکێشەکانی هاوسەنگی هێزەوە بیەوێ هەنگاو هەڵگرێ، سەرەتا بیەوێ بە هێنانی ئەلگۆی ژیانی ڕۆژئاوایی دەستپێبکات و لەوڕێگەیەوە بەرەو هەڵوەشانەوەی سیستەم و دامەزراندنی ژیانی بێ چین و چەوسانەوە هەنگاو هەڵگرێت، بەدڵنیاییەوە ناتوانێ سەرکەوتوو بێت.

سپارتاکۆس لە ١٠٠ساڵ پێس میلادەوە شۆڕشی کرد بۆ کۆتاییهێنان بە کۆیلەبوون، هەموو بەشەریەتیش شانازی پێوە ئەکەن. کەچی ئەوەتا پاش ئەو هەزاران ساڵە هێشتا ژمارەی کۆیلەکان زیاتر و زیاتر ئەبێت. نمونەی تری هاوشێوە زۆرن کە لەڕابردوودا دەستیان بۆ براوە، بەڵام تا هاتوە ژیان سەختترو ئایندە تاریککتر بووە.

# بۆپێشەوە بخوێننەوەو بەدەستی دۆستان و ئاشنایانتانی بگەیەنن!

## هاوڕێمانبن لەفەیسبووک!

https://www.facebook.com/Bopeshawa-658375924362612/




**دیدگای سۆشیالیستی:** پێتان وایە کێشە لەسەر شارێکی وەکو کەرکوک کە سەرچاوەیەکی نەوتی گەورەیە بە ئاسانی و لەسەر بناغەی ئەنجامی دەنگدانی خەڵکەکەی بە لایەکدا بکەوێت و هیچ لایەک لە دەوڵەتی عێراق و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان مل بەوە بدات کە لەسەر بناغەی دەنگدانی خەڵک دەست لەو سەرچاوە نەوتیە هەڵگرێت؟

**ڕێبوار ئەحمەد:** بە بڕوای من ئەمە مەسەلەیەکی زۆر پڕکێشەیە و هۆیەکی سەرەکی دژواری پێکنەهاتنە لەسەر ئەم شارە. تەنها سەپاندنی ئەو حوکمە دەتوانێ بیبڕێتەوە کە ژیان و چارەنوسی خەڵک و دانیشتوانەکەی گرنگترە لە نەوت. بێگومان ئەمە بە ئاسانی ناسەپێ و خودی دەنگدانی خەڵک گرنگە بەڵام بە تەنها یەکلایی ناکاتەوە، تا ساڵەهای ساڵ بەهانە زۆرو زەبەندە تا هەر یەک لەم دوو دەوڵەتە و هەتا هەر هێز و تاقمیکی فالانژ و قەومپەرست بە هەموو جۆرەکانیەوە، پێداگری لەسەر دانی ناسنامەی قەومی خۆیان بەم شارە بکەن و بیکەنەوە بەهانە و بنەما بۆ شەڕو کێشەی نەبڕاوە. گونجاوترین ڕێگا بۆ کۆتایهێنانی کێشە لەسەر نەوت و پاراستنی خەڵک لە ئاگری شەڕو کێشە، بەبڕوای من پێکهاتنێکی سیاسی فەرمیە، بەدەر لەوەی کە بەپێی ئەنجامی ریفراندۆم کەرکوک دەکەوێتە سەرکام دەوڵەت، لە نێوان هەردوو دەوڵەت بە سەرپەرشتی ناوەندێکی نێودەوڵەتی بۆ نمونە نەتەوە یەکگرتوەکان، سەبارەت بەوەی کە داهاتی نەوتی کەرکوک بەشێکی بۆ بوژانەوە و خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانی خەڵکی ئەم شارە خەرج بکرێت کە لە دەیان ساڵی ڕابردوودا زەرەر و زیان و وێرانکاریەکی زۆر گەورەی بەرکەوتوە، ئەودوای داهاتەکەشی دابەش بکرێت لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا.

## لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەكانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فكری و دونیابینی كۆمۆنیزمی ماركس و كۆمۆنیزمی كرێكاریی دەكات.
* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناكاتەوە، كە پێشتر لەشوێن و كەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.
* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوكاتە لەلایەن خاوەنەكەیەوە مافی بڵاوكردنەوەی هەیە، كە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. ڕاسپاردەی بۆپێشەوەیە، كە خاوەنی بابەتەكە ئاماژە بەناو ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، كە بابەتەكەی تیادا بڵاوبۆتەوە.
* درەنگ ناردنی بابەتەكان، لەكاتی ڕاگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.
* ئەولەویەت بۆ بابەتی كورتە.

دوا لاپەڕە

ژمارە ( 5 ) 1/6/2017

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

نووسەرانی ئەم ژمارەیە: شێرزاد فاتیح، زمناکۆ عەزیز، هەتاو عەبدوڵاهی، ڕۆژ عەزیز، کەریم کەریم، عەبدوڵا مەحمود، سالار حەمە سەعید، ڕێبوار ئەحمەد

پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە سەرنووسەرەوە:

# شێرزاد فاتح خەڵاتی ئینتەگراشونی ساڵی ٢٠١٧ پێدەبەخشرێت..!!



لیژنەیەک لە کۆمۆنی ساندڤیکن بڕیاریدا بە بەخشینی خەڵاتی ئینتەگراشونی ساڵی ٢١٠٧ بە شێرزاد فاتح وەک ڕێزلێنانێک بۆ هاوکاری و یارماتیدانی بۆ مندالان و لاوان لە کۆمەڵگادا.

شێرزاد فاتح کە مامۆستای ماتماتیک و زمانی دایکە لە خوێندنگای دواناوەندی بەسمەر، سەرباری کاری مامۆستایی خۆبەخشانە کاری بۆ مندالان کردووەو چەندین پڕۆژەی بەسەرئەنجام گەیاندووە. لەوانە:

بەهاری ٢٠١٦ بۆ ماوەی سێ مانگ لەسەر پرۆژەی دژی هەراسانکردنی لاوان کاری کردووە.

هاوینی ٢٠١٦ چادرگای هاوینەی کردۆتەوە بۆ ٢١ مندالّ و لاو.

پایزی ٢٠١٦ بۆ ماوەی دوو مانگ لە ڕۆژانی شەممماندا پرۆژەیەکی ئەنجامداوە بۆ نزیکەی ٤٠ مندالّ و لاوی ئەفغانی لەسەر بەریەککەوتنی کولتورەکان و قەتڵی ناموسی کاری.

شێرزاد فاتح زۆر چالاکانە لە بواری مافەکانی مرۆڤدا لە کۆمەڵگادا کار دەکات و هاوکاری لاوانی پەنابەر دەکات کە پێویستیان بە وەرگێڕ، پارێزەر، یان خانەو لانە هەیەو پەیوەندی نێوان کۆمەڵگاو خوێندنگایان بۆ ئەنجام دەدات.

شێرزاد هەروەها بەرپرسی سەنتەری بەرگری لە مافەمانی مندڵانە CFBRIکە ڕێکخراوێکە کار بۆ مندالان و لەگەڵ مندالاندا دەکات.

لەمبارەوە Mona Davik کە سەرۆکی ئەو لیژنەیەیە بۆ ڕۆژنامەکان وتی: من زۆر خۆشحالّم بەوەی کە ئەم خەڵاتە بە کەسێک دەدرێت کە کارێکی جیاواز دەکات لە کۆمەڵگادا بۆ مندالان و لاوان. شیرزاد وەک نموونەیەکە بۆ ئەو کەسانەیە کە دەیانەوێت کار بۆ مرۆڤایەتی بکەن.

هەروەها مۆنا وتی: ئەو کارانەی کە فاتح دەیکات زۆر گونجاوە لە هیواو ئامانجی ئێمە بۆ ساڵی ٢٠٢٥ "هەمیشە هەموو جیهان لە ساندڤیکن بوونی هەیە، لێرە هەست دەکەین لە ماڵی خۆمانین و بەرەو باشتر هاوکاری یەک دەکەین".

شایانی باشە لە ڕۆژی ٦ یونی و لە مەراسیمی ڕۆژی نەتەوەیی سویددا ڕێوڕەسمی بەخشینی خەڵاتەکە بەڕێوە دەچێت.

## دوا ستوون

# ماف و ریفاهیەت



نووسینی زمناکۆ عەزیز

یەکێک لەو دوو دەستەواژە دیارانەی کە بەدرێژایی مێژوو لەناو فەرهەنگ و ئەدەبیاتی ڕەوت و بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکاندا بەشێوەیەکی دیار دەرکەوتوون و پانتاییەکی فراوانیان تیایدا داگیرکردوە، هەردوو دەستەواژەی ماف و ڕەفاهیەتن.

سەرەتا، دەستەواژەی ماف لەکاتێکدا بەکاردێت کە ئەوانیتر- تاک یان حکومەت- سنوری ژیان و شیوازی ژیانی ئاسایی تاک یان کۆمەڵگا بەرتەسک بکەنەوە. لێرەوە دەستەواژەی (مافەکانمان) وەک ئاڵایەک و سیمبولی شتێکی دزراو یان وون بوو، بەڕووی ئەو دەسەڵاتدارە بەرزدەکرێنەوە. بەرێخستنی هەر جوڵانەوەیەک و نارەزایەتیەک بۆوەرگرتنەوەی ئەو "ماف"انە، لەباشترین حاڵەتی خۆیدا بۆ داواکردنی "پێدان" یان "گێڕانەوە"ی ئەو مافانە بووە. کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەڕەسمی ناسینی ئەوەیە کە مافەکانی من لای کەسانیترەو ئەبێت داوایان لێبکەم کە بۆم بگێڕنەوە، یان بەڕسمی بۆمی بناسن. بەبڕوای من ئەمە سەرەتایەکە بۆ لەناو بردن و کوشتنی ڕۆحیەتی شۆڕشگێڕی لەناخی هەر تاکێکدا و سەرەنجام کۆمەڵگاشدا، هاوکات سەرەتایەکیشە بۆ فەردییەت و ئەنانیەت و "لاموبالات"ی بە کێشەو گرفتەکانی ئەوانیتر. ئەگەر پرسیارەکە بەو شێوەیە بوایە کە "تۆکێیت تا من داوای مافت لێ بکەم؟" یان "مەگەر هەرهەمومان کە هاتووین بۆ ناو ئەم ژیانە بەیەکسانی نەهاتووین؟ ئیتر بۆ ئەبێت ئەمڕۆ تۆ خاوەن ماف و من ماف خوراو بم؟"، ئەوا ئەمڕۆ ژیانی مرۆڤ و ئاژەڵ و تەنانەت درەختەکانیش بەم شێوەیەی ئێستا نەبوایە.

ڕەنگە کەسێک بڵێت ئەمڕۆ "واقیع" ئەوەیە کە کەسانێک خاوەن مافن و زۆرێکیتریش ماف خوراو، بۆیە ئەبێت هەمان ئەو ڕێگایە بگرنەبەر و داوای مافەکانیان بکەن. بەڵام ئەمە هەمان ئەو ڕێگایەیە کە لەدێر زەمانەوە گیراوەتە بەر و واشبڕوا تا سەدان ساڵیتر بەردەوام ئەبێت و سەرەنجام ئەم جۆرە خەباتە لە بازنەیەکی داخراودایەو ئەم شێوازەش لەژیان هەرگیز کۆتایی نایەت.

دەسەڵاتداران و بەڕێوەبەرانی سیستەم و بیرمەندانیان، بۆ بەرگرتن بەوەی کە خەڵک بیر لە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی نەکەنەوە،

بۆ لاپەڕە 11

# هۆنراوەی: هەمووماں یان هیچمان!

کاوە عومەر تایپی کردۆتەوە

کێ ڕزگارت دەکات کۆیلە؟
بێجگە لەوانەی وەک خۆتن
ڕەشن ،ڕوتن، دەست بەتاڵن
هەر ئەوانن کە دەتناسن!
هەر ئەوانن کە دەت بیستن!
هەر کۆیلەکانن کە کۆیلە ڕزگار دەکەن.
هەموو شتێک، یان هێچ !
هەر خۆت تەنیا،
ئەو دنیایەت پێ ناگۆڕدرێ!
وەزعت لەوە باشتر نابێ.
یاکۆت و بەندی کۆیلایەتی،
یان ساز بەرگی شەڕ!
هەموو شتێک، یان هێچ!
هەمووماں، یان هیچمان!
کێ یە تێرت دەکا برسی؟
ئەگەر بۆ نان.
ئەو کون و ئەو قوژبن دەکەی وەرەلامان.
وەرەلێرە هەموو برسین
بەڵام هەمووش
ڕابەرانی کارامەی تۆن.
هەموو شتێک، یان هیچ
ڕابەرانی کارامەی تۆن،
هەموو شتێک، یان هیچ!
وەزعت لەوە باشتر نابێ.

یان کۆت وبەندیکۆیلەیتی،
یان سازو بەرگی شەڕ!
هەموو شتێک، یان هیچ!
پێ خوست کراو!
کێ یە تۆڵەت دەکاتەوە؟
ئەگەر لەشت
چزەی شەلاقی وەکەوتوە،
وەرە ناوڕیزی یەکگرتووی
یاخی بووەکان!
بەگشت بێ هێزی مانەوە،
یەکێتی بەهیزمان دەکات.
وەرە تێکڕا
تۆڵەی تۆ بستێنینەوە.
هەموو شتێک یان هیچ!
هەمووماں ،یان هیچمان!
هەر خۆت تەنیا،
ئەو دنیایەت بێ ناگۆڕێ!
وەزعت لەوە باشترنابێ.
یاکۆتوبەندی کۆیلەیەتی،
یان سازو بەرگی شەڕ!
هەموو شتێک، یان هیچ!
هەمووماں، یان هیچمان!
هۆبەش مەینەت!
بڵێ! بڵێ!
کێ بوێرە؟
کێ نەترسە؟

کێ ئازایە؟
کێ یە کە هیمەتی بەرزە؟
ئەوەی چی دی قەبووڵ ناکا.
هۆ هاوڕێ هۆ!
وەرە ڕیزی هاوڕێیانت!
ڕیزی هەموو کرێکاران،
ڕیزی هەموو جەماوەری
گیان لەسەر دەست،
چونکو هەوڵ و تەقالایان
بۆ ئەوڕۆیە، نەک بەیانی.
هەموو شتێک، یان هیچ!
هەمومان، یان هیچمان!
هەرخۆت تەنیا،
ئەو دنیایەت پێ ناگۆڕێ!
وەزعت لەوە باشتر نابێ.
یاکۆت و بەندی کۆیلەیی،
یان سازو بەرگی شەڕ!
هەموو شتێک، یان هیچ!
هەمومان یان هیچمان!
تۆدەتوانی !
تۆ دەتوانی و لەدەستت دێ.
ئەو دنیا پێچەوانەیە ژێرەو ژوورکەی
تاکوو گەنم برسی تێرکا
تاکوو کانیاو تینوو نەبێ و
ئاوی زوڵاڵ، بەگەرووی تینودا بکا

تاکو ئینسان،
کۆیلە نەبێ و ئازا وبەرابەر بژی
تا ئازادی ئازاد بێت و
ژیان لە دیلی ڕزگار بێ.
تۆ دەتوانی و بێجگە لەتۆ
کەس ناتوانێ.
ئەگەر یەک بی!
ئەی ئەوەی کە هەرچی هەیە بە
شیرەی گیان دەیخولقێنی و
خۆت بێ بەشی!
تۆ دەتوانی و لەدەستت دێ.
تینی ژیان، وەبەر گیانی موردوو بینی!
تۆ دەتوانی گریان بکەی بە پێکەنین!
تۆ دەتوانی دارستان پڕشکۆفە کەی!
تۆ دەتوانی بەهار بێنی ودنیا
بکەیتە گوڵستان!
ئەگەر یەک بی!
ئەگەر یەک بی!